# پەرتوكی حــــــــــــەج لە
# شەریعەتی ئیسلامدا

# پەرتوكی حـــــەج
# لە شەریعەتی ئیسلامدا

نووسینی: مەلا مەحمود گەلاڵی
سۆران - مزگەوتی كۆمەڵگەی گەلاڵە

## پێناسی کتێب:

نـــــاوی کـتێـــب: پەرتوکی حەج لە شەریعەتی ئیسلامدا.

نـــــــــــووسینی : مەلا مەحمود محمد.

نەخشەسازیی ناوەوە: مهاجر محمد.

بـــــــــــــەرگ:

نـــۆرە و ساڵی چاپ:

تــــــــــــیــــراژ:

- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپیاردنی () ساڵی پێدراوە
- مافی لەچاپدانەوەی بۆ

بسم الله الرحمن الرحيم

# پەرتوکی حـــــەج

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾

الحمد لله، نحمده ونستعين به، ونسترشده، ونعوذ به من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مُضل له، ومن يضلل فلن تجد له ولياً مرشداً، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن سيدنا محمداً صلى الله عليه وسلم رسول الله، سيد الخلق و البشر، اللهم صلِّ وسلم، وبارك على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه، وعلى ذريته ومن والاه، ومن تبعهم إلى يوم الدين.

**بەڕێزان ئەمەی بەردەست ڕاڤەیەکی پوختی ئاسانە بۆ پەرتوکی حەج لە مەتنی (الغاية والتقريب) ناسراو بە (فتح القريب).**

**لەم نامیلکە ڕەچاوی ئەم خاڵانە کراوە:**

١- ئاسان و زمانی پاراو و سادە.

٢- گرنگیدان بە بەڵگە لە قورئان و فەرموودە.

٣- پشت بەستن بە ڕای بەهێزی مەزهەبی شافعی لە سەرچاوەکانی مەزهەب.

٤- کەمێك ئاماژە کراوە بە ڕای جیاواز، بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە.

٥- کورتی و پوختی لە ڕونکردنەوە، دوور لە بابەتی نامۆ و نا واقعی کە لە سەردەمی ئەمڕۆ زۆر کارمان پێنییە.

# پێشەكی

**بەڕێزان:** پێش ئەوەی بچینە سەر شەرحی مەتنەكەی (أبو شجاع) ڕەحمەتی خوای لێبێت، پێویستە هەندێك ڕونكردنەوە بدەین لە بارەی ئەم خودا پەرستییە، كە ڕوكنێكە لە ڕوكنەكانی ئاایینی ئیسلام.

١/ حەج سەردانی ماڵی خودایە لە كاتی دیاری كراو، بە مەبەستی خودا پەرستی، بە جێبەجێكردنی كارەكانی حەج.

٢/ حەج لە ساڵی (٦)ی كۆچی فەرز كراوە، وە ئەمە لای زانایانی شافیعی فەرموودەی بە هێزە، وە لای هەندێ لە زانایان لە ساڵی (٩)ی كۆچی فەرز كراوە.

٣/ حەج لە ماوەی تەمەنی موسوڵمان تەنها جارێك واجبە، وەكو لە فەرموودەی صحیح هاتووە: عَنْ أبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: خَطَبَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقَالَ: "أيُّهَا النَّاسُ! قَدْ فَرَضَ اللهُ عَلَيْكُمُ الحَجَّ فَحُجُّوا"، فَقَالَ رَجُلٌ: أكُلَّ عَامٍ؟ يَا رَسُولَ، فَسَكَتَ، حَتَّى قَالَهَا ثَلاثاً، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: "لَوْ قُلْتُ: نَعَمْ، لَوَجَبَتْ، وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ". (أخرجه مسلم: ١٣٣٧).

واتە: ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی: پێغەمبەری خودا ووتاری بۆ داین، فەرمووی: ئەی خەڵكینە! خودا حەجی لەسەر فەرز كردینە، دەسا ئێوەش حەج بكەن، پیاوێك فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا هەموو ساڵێك حەج بكەین؟ پێغەمبەری خوا بێدەنگ بوو، كابرا سێ جار ئەمەی دووبارە كردەوە، ئینجا پێغەمبەری خوا فەرمووی: ئەگەر بڵێم: بەڵێ، ئەوا واجب دەبێت لەسەرتان هەموو ساڵێك حەج بكەن، دیارە ئەو كاتەش پێتان ناكرێت.

**وأبو داود والنسائي وابن ماجه بإسناد صحيح عن ابن عباس ـ رضي الله عنهما ـ قال : خطبنا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ فقال : "يا أيها الناس كتب عليكم الحج "، قال: فقام الأقرع بن حابس فقال: أفي كل عام يا رسول الله، فقال: "لو قلتها لوجبت، ولو وجبت لم تعملوا بها ولم تستطيعوا، أن تعملوا بها الحج مرة فمن زاد فهو تطوع".**

واتە: ئیبن عەبباس ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی: پێغەمبەری خودا ﷺ ووتاری بۆ داین، فەرمووی: ئەی خەڵكینە! حەجتان لەسەر فەرز كراوە، ئیبن عەبباس دەفەرموویێت: ئەقرەعی كوڕی حابیس هەستا و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوای، ئایا لە هەموو ساڵێكدا لەسەرمان فەرزكراوە، پێغەمبەری خوداش فەرمووی: ئەگەر بڵێم: بەڵێ، ئەوا لەسەرتان واجب دەبێت، خۆ ئەگەر هەموو ساڵێش واجب بێت نایكەن و ناشتوانن بیكەن، كەواتە لە تەمەنتان حەج یەك جار فەرزە لەسەرتان، ئەگەر زیاتریشتان كرد ئەوە سوننەتە.

## خێر و پاداشتی حەج کردن:

**لە بارەی خێر و پاداشتی حەج فەرموودەی زۆر لە پێغەمبەری خودا هاتووە:**

عَنْ أبِـي هُرَيْـرَةَ رَضِـيَ اللهُ عَنْـهُ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِـيَّ ﷺ يَقُولُ: "مَنْ حَجَّ، فَلَـمْ يَـرْفُثْ وَلَـمْ يَفْسُق، رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْـهُ أُمُّهُ"، (أخرجه البخاري: ١٥٢١، واللفظ له، ومسلم: ١٣٥٠).

**واتە: ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ، دەیفەرموو: هەر کەسێك حەجی کرد، قسەی ناشیرین و کرداری نا شەرعی نەکرد، دەگەڕێتەوە لە حەجەکەی وەك ئەوە وایە تازە لە دایکی لە دایك بووبیٚ، لە گوناحەکانی پاك دەبێتەوە.**

"العُمْرَةُ إِلَـى العُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَـيْنَـهُمَا، وَالحَجُّ المَبْرُورُ لَـيْسَ لَـهُ جَزَاءٌ إِلا الجَنَّةُ"، (أخرجه البخاري: ١٧٧٣، ومسلم: ١٣٤٩).

**واتە: عومرە بۆ عومرە کەفارەتی نێوانیانە، حەجی چاك و وەرگیراویش هیچ پاداشتێکی نییە جگە لە بەهەشت.**

**عومرە کردن بە لای شافعیەکان و حەنبەلیەکان واجبە، بە لای حەنەفیەکان و مالیکیەکان سوننەتی موئەکەدە.**

**وە پێغەمبەرمان تەنها چوار عومرەی کردووە، وەکو لە فەرموودەی صەحیح هاتووە: "عومرەی حودەیبیە لە ساڵی (٦)ی کۆچی، وە عومرەی قەزا لە ساڵی (٧)ی کۆچی، وە عومرەی جیعرانە لە ساڵی (٨)ی کۆچی، وە عومرەی چوارەم لەگەڵ حەجی ماڵئاوایی ئەنجامدا لە ساڵی (١٠)ی کۆچی"**، (أخرجه البخاري: ١٧٧٨، واللفظ له، ومسلم: ١٢٥٢).

## خێر و پاداشتی عومرە كردن:

**لەم بارەوە فەرمووده زۆرە لە پێغەمبەری خودا وەك:**

"فَإِنَّ عُمْرَةً فِي رَمَضَانَ تَقْضِي حَجَّةً أَوْ حَجَّةً مَعِي"، (أخرجه البخاري: ١٨٦٣، واللفظ له، ومسلم: ١٢٥٦).

**واتە: لە ڕاستیدا عومرەكردن لە ڕەمەزاندا پاداشتی وەك ئەوە وایە حەجی كردبێ، یان حەجی لەگەڵ من كردبێ.**

عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْـهُما قَالَ: قَالَ رَسُولُ ا، ﷺ: "تَابعُوا بَـيْنَ الحَجِّ وَالعُمْرَةِ فَإِنَّـهُمَا يَنْفِيَانِ الفَقْرَ وَالذنُوبَ كَمَا يَنْفِـي الكِيرُ خَبَثَ الحَدِيدِ"، (أخرجه النسائي: ٢٦٣٠).

**واتە: ئیبن عەبباس ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: هەوڵبدەن حەج و عومرە لە دوای یەكتر بكەن، چونكە هەژاری و تاوان دەسڕنەوە، هەر وەك چۆن كورەی ئاگر ژەنگ و ژاڵی ئاسن نایەڵێت و لای دەبات.**

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْـها قَالَتْ: قُلْتُ يَا رَسُولَ الله، عَلَـى النِّسَاءِ جِهَادٌ؟ قَالَ: "نَعَمْ عَلَـيْهِنَّ جِهَادٌ لاَ قِتَالَ فِيهِ الحَجُّ وَالعُمْرَةُ"، (صحيح، أخرجه أحمد: ٢٥٣٢٢، وأخرجه ابن ماجه: ٢٩٠١، وهذا لفظه).

**واتە: عائیشەی دایكی باوەڕداران ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی: گوتم ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا جەنگ و جیهاد لەسەر ئافرەتان واجبە؟ حەزرەتیش فەرمووی: بەڵێ جیهادیان لەسەرە بەڵام بێ جەنگ و كوشتار، ئەویش بریتییە لە: حەج و عومرە.**

**كەواتە لە پێناو بە دەستهێنانی ئەو پاداشتە گەورانە بە كورتی پابەندی ئەم خالانە بە:**

**١/ حەج بە پارە و رزقی حەلال ئەنجام بدە.**

**٢/ نیەتت ساف بكە تەنها مەبەستت خودا پەرستی و جێبەجێكردنی فەرمانی**

خودا و پێغەمبەر بێت.

٣/ پێش سەفەر كردن گەردەنت بە دۆست و خزمان و جیران و ...هتد ئازاد بكە.

٤/ پێش سەفەر خۆت فێری ئاداب و ئەحكامەكانی حەج و عومرە بكە.

٥/ ئەو ماوەیەی كە لە مەككەی وە یا لە مەدینەی دەرفەتی زێرینی تەمەنە هیچ ساتێكی لێ بەفیڕۆ مەدە چونكە پاك بوونەوە لە گوناهان، بەرز بوونەوەی پلە، قەبول بوونی دوعا و تەوبە مسۆگەرە، وە پاداشتی خواپەرستی وەك لێزمەی باران ڕەحمەت دەبارێنێ.

٦/ گرینگی تەواو بە نوێژە فەرزەكانت بدە بە جەماعەت لە حەرەمی مەككە و سوننەتەكانیش فەرامۆش مەكە چونكە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: عَنْ أَبِـي هُرَيْـرَةَ رَضِـيَ اللهُ عَنهُ أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ قَالَ: «صَلاَةٌ فِـي مَسْجِدِي هَذَا خَيْـرٌ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِـيمَا سِوَاهُ، إِلاَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ». (أخرجه البخاري: ١١٩٠، واللفظ له، ومسلم: ١٣٩٤).

واتە: ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی: پێغەمبەری خودا ﷺ، فەرمووی: نوێژێك ئا لەو مزگەوتەی من خێرترە لە هەزار نوێژ لە مزگەوتەكانی تر، جگە لە مزگەوتی حەڕام.

«صَلاَةٌ فِـي مَسْجِدِي أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِـيمَا سِوَاهُ إِلاَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ وَصَلاَةٌ فِـي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَفْضَلُ مِنْ مِائَةِ أَلْفِ صَلاَةٍ فِـيمَا سِوَاهُ»، (أخرجه أحمد: ١٤٧٥٠، وأخرجه ابن ماجه: ١٤٠٦، وهذا لفظه).

واتە: نوێژێك ئا لەو مزگەوتەی من خێرترە لە هەزار نوێژ لە مزگەوتەكانی تر، جگە لە مزگەوتی حەڕام، چونكە نوێژێك لە مزگەوتی حەڕام خێرترە لە سەد هەزار نوێژ لە مزگەوتەكانی تر.

بەڵێ: یەك نوێژ لە مزگەوتی حەڕام لە مەككە بە سەد هەزار نوێژە، وە لە مزگەوتی پێغەمبەر بە هەزار نوێژە، ئەم هەموو پاداشتە بە فیڕۆ مەدە.

## مەرجەكانی واجب بوونی حەج (شروط وجوب الحج):

(وشرائطُ وجوبِ الحج سبعة أشياء: الإسلام، والبلوغ، والعقل، والحرية، ووجود الزاد والراحلة، وتخلية الطريق وإمكان المسير).

واتە: مەرجەكانی واجب بوونی حەج حەوت شتن: ئیسلامەتی، بالغ بوون، ئەقل، ئازادی (كۆیلە نەبێت)، بوونی تێچوو و مەسرەفی خواردن و سواری، سەلامەتی ڕێگا، وە توانینی چوون و هاتن بەسەلامەتی.

## ڕوكنەكانی حەج (أركان الحج):

(وأركان الحج أربعة: الإحرام مع النية، والوقوف بعرفة، والطواف بالبيت، والسعي بين الصفا والمروة).

واتە: ڕوكنەكانی حەج چوارن: ئیحرام لەگەڵ نیەت هێنان، ڕاوەستان لە عەرەفات، تەوافكردنی ماڵی خودا، هاتوو و چۆ لە نێوان سەفا و مەڕوە.

**تێبینی:** لە عیبارەتی (**الإحرام مع النية**)، دەبوایە بگوتراية: (**الإحرام هو النية**)، واتە: مەبەست لە ئیحرام نیەت هێنانە، چونكە ئیحرام و نیەت یەك شتن.

## ڕوكنەكانی عومرە (أركان العمرة):

(وأركان العمرة أربعة: الإحرام، والطواف، والسعي، والحلق أو التقصير في أحد القولين).

واتە: ڕوكنەكانی عومرە چوارن: ئیحرام بەستن، تەواف كردن، هات و چۆی نێوان سەفا و مەڕوە، سەرتاشین یان كورتكردنەوەی لە فەرموودەیەكی مەزهەبی شافعی.

## واجبەکانی حەج (واجبات الحج):

(وواجبات الحج غير الأركان ثلاثة أشياء: الإحرام من الميقات، ورمي الجمار الثلاث، والحلق).

واتە: واجبەکانی حەج بێجگە لە ڕوکنەکان سیٚ شتن: بەستنی ئیحرام لە میقات (شوێنی دیاریکراو)، وە هەرسیٚ بەرد هاوێشتنەکان (ڕەجم کردنی هەرسیٚ شەیتانەکان)، وە سەرتاشین.

## سوننەتەکانی حەج (سنن الحج):

(وسنن الحج سبع: الإفراد وهو تقديم الحج على العمرة، والتلبية، وطواف القدوم، والمبيت بمزدلفة، وركعتا الطواف، والمبيت بمنى، وطواف الوداع).

واتە: سوننەتەکانی حەج حەفت شتە: ئیفراد: بە تەنها کردن، جیاکردنەوەی حەج لە عومرە، سەرەتا حەج دەکەیت پاشان عومرە، تەلبیەکردن: گوتنی: "لبيك اللهم لبيك..."، تەواف چوونە ناو بەیت کە سەرەتا دەگەیتە ناو مزگەوتی حەرام، مانەوەی شەو لە موزدەلیفە (مانەوە لە موزدەلیفە لە فەرموودەی بەهێزی (أصح) مەزهەبی شافعی واجبە)، دوو ڕکاعەت نوێژی تەواف، کە دوای تەواف ئەنجامی دەدەیت، مانەوەی شەو لە مینا، بۆ ڕەجمی شەیتانەکان، (مانەوەی شەوان لە مینا لە فەرموودەی باوەڕپێکراوی (المعتمد) مەزهەبی شافعی واجبە، تەوافی ماڵئاوایی کە پێش بەجێهێشتنی مەککە ئەنجام دەدرێت، (لە فەرموودەی باوەڕپێکراوی (المعتمد) مەزهەبی شافعی واجبە).

## ❖ بەرێزان:

بە ڕاستی شێخ ئەبو شوجاع ڕەحمەتی خودای لێبێت، لێرە لە باسی ئەركان و واجیبات و سوننەتەكان، تێكەڵاویەكی كردووە، شت هەیە ڕوكنە كردویەتیە واجب، شت هەیە واجبە كردوتیە سوننەت، كە لەگەڵ ڕای بە هێزی مەزهەبی شافعی ناگونجێت كە لە پەرتوكە مەشهورەكانی مەزهەب بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە بابەتەكە لە ئەسڵی مەزهەب چۆنە ئاوا شەرحی دەكەم بۆ زانین.

## ❖ سەرەتا:

## موسوڵمانی بەرێز:

لە هەموو بابەتەكانی نوێژ و ڕۆژوو و زەكات و پەرستشەكان و بابەتەكانی تریش، لە مەزهەبی شافعی (واجب و فەڕز و ڕوكن) بە یەك مانا و مەبەست بەكار دێت، ئەگەر گوتمان فەڕزەكانی نوێژ، یان واجبەكانی، یان ڕوكنەكانی ئەوە یەك شتن، تەنها لە بابەتی حەج وریابە ڕوكن و واجب جیاوازیان هەیە: ئەگەر لە حەج ڕوكنت لە دەست دا، گوناهبار دەبیت و حەجەكەت بەتاڵ دەبتەوە، وە بە نەكردن و فەوتاندنی واجب گوناهبار دەبیت، بەڵام حەجەكەت بەتاڵ نابیتەوە، وە دەبێت فدیە بدەیت لە بەرامبەر فەوتاندنی واجبەكە، كە دوایی لە كاتی خوێندنەوەی بابەتەكە زیاتر ئاشنا دەبیت.

## مەرجەكانی واجب بوونی حەج

حەجی ماڵی خودا لەسەر موسوڵمان (پیاو و ئافرەت) واجبە، یەك جار لە ژیانیدا، هەركاتێك ئەو پێنج مەرجەی لیَ هاتە دی:

**١/ موسوڵمانیەتی:** حەج لەسەر كافر واجب نیە، چونكە عیبادەتە لە بێباوەڕ وەرناگیرێت.

**٢/ بالغ بوون:** حەج لەسەر منداڵ واجب نییە.

**٣/ عەقلَ و ژیری:** حەج لەسەر شێت واجب نییە.

**٤/ ئازادی:** حەج لەسەر كۆیلە واجب نییە، ئەگەر منداڵ پێش بالغ بوون، یان كۆیلە پێش ئازادبوونی، یان شێت پێش چاك بوونەوەی حەجیان پێكرابوو، ئەوا حەجی فەرزیان لەسەر لا ناكەوێت، كەواتە: منداڵ دوای بالغ بوونی، وە كۆیلە دوای ئازادبوونی، وە شێت دوای چاك بوونەوەی، ئەگەر توانای هەبوو بۆ حەجكردن، دەبێت حەجی فەرز جێبەجیَ بكات، هەروەك لەم فەرموودانە هاتووە:

* "أيّما صبي حج ثم بلغ الحنث فعليه أن يحج حجة أخرى، وأيما عبد حج ثم أعتق فعليه أن يحج حجة أخرى"، رواه ابن أبي شيبة والبيهقي، ورجاله ثقات إلا أنه اختلف في رفعه، والمحفوظ أنه موقوف.

واتە: هەر منداڵێك حەجی كرد پاشان كە بالغ بوو دەبێت حەج بكاتەوە، هەر كۆیلەیەك حەجی كرد كە ئازادبوو دەبێت حەج بكاتەوە، هەرچەندە فەرموودەكە ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەوە كە مەرفوعە (وتەی پێغەمبەرە)، یان مەقوفە (وتەی ئیبن عەباسە)، بەڵام جومهوری زانایان كاریان پێكردووە.

**٥/ توانا و دەسەڵات:** واتە: تواناى سەفەكردنى بۆ مەككەى ماڵى خودا هەبێت، كەواتە ئەگەر تواناى نەبوو حەج واجب نابێت لەسەرى، وەتواناش چوار مەرجى هەیە:

**أ/** تێچوو و مەسرەفى تەواوى ڕێگاى هەبێت بۆ چوون و هاتنەوە و ئەو ماوەى لەوێ دەمێنێتەوە، لەگەڵ بوونى نەفەقە و مەسرەڤى ئەو كەسانەى كە ئەو بەخێویان دەكات و نەفەقەیان لەسەر ئەوە وەك: ژن و منداڵ و دایك وباوك.

**نموونە:** ئەگەر پیاوێك نیازى حەجى هەبوو، سەفەرەكەى (٢٥) ڕۆژى دەخایاند، وە تێچووى هەمووى دەیكردە (٤٠) وەڕەقە، وە مەسرەڤى ماڵ و منداڵیشى بۆ ئەو ماوەیە دەیكردە (١٠) وەڕەقە، ئەگەر (٥٠) وەڕەقە و زیاترى هەبوو حەج لەسەرى واجبە، ئەگەر لە پەنجا وەڕەقە كەمترى هەبوو حەج لەسەرى واجب نییە.

**ب/** بوونى هۆیەكانى گواستنەوە، جا چ هى خۆى بێت، یان هەبێت و پارەشى هەبێت بە كرێ سوار بیت، وەك: ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر و فرۆكە و كەشتى دەریا...

**ج/** سەلامەتى ڕێگا: واتە: لە هاتن وچوونى، سەلامەتى گیان و ماڵى پارێزراو بێت، لە دز و رێگر و جەنگ...

**د/** مەزەندەى گەیشتن (إمكان السير): واتە: ئەوكاتەى مەرجەكانى لىٚ دێتە دى بتوانىٚ سەفەر بكات و لە كاتى گونجاو بگاتە مەككە، بۆ جێبەجێكردنى ڕوكنەكان و واجیباتەكان، بۆ **نموونە:** پیاوێك مەرجەكانى هاتە جىٚ، بەلام ڕۆژى (٨)ى زولحەجە بوو، لە كوردستانى خۆمان بێگومان ناگاتە حەج و عەرەفە.

هـ/ وە سەبارەت بە ئافرەت دەبێت یان مێردی لە گەڵی بێت، یان پیاوەكی مەحرەمی وەك: باوك و برا و كوڕ و مام و خاڵ، یان لەگەڵ كۆمەڵێك ئافرەتی باوەڕپێكراوی خاوەن متمانە بێت، ئەوەش بۆ حەجی فەرز، بەڵام بۆ حەجی سوننەت و عومرە بەبێ مێرد یان پیاوی مەحرەم سەفەر حەرامە، هەروەك پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: "لايَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ أنْ تُسافِرَ مَسِيرَةَ يَومٍ ولَيْلَةٍ ليسَ معها محرمة"، (أخرجه البخاري: ١٠٨٨).

واتە: حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتێك باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێت، كە سەفەری ماوەی شەو و ڕۆژێك بكات و كەسی مەحرەمی لەگەڵ نەبێت.

هەروەها فەرموویەتی: "لا تُسَافِرِ المَرْأَةُ إلا مَعَ ذِي مَـحْرَمٍ، وَلا يَدْخُلُ عَلَـيْـهَا رَجُلٌ إلا وَمَعَهَا مَـحْرَمٌ، فَقال رَجُلٌ: يَا رَسُولَ الله، إِنِّـي أرِيدُ أنْ أخْرُجَ فِـي جَيْشِ كَذَا وَكَذَا، وَامْرَأتِـي تُـرِيدُ الحَجَّ؟ فَقال: اخْرُجْ مَعَهَا". (أخرجه البخاري: ١٨٦٢).

واتە: ئافرەت سەفەر ناكات تەنها لەگەڵ مەحرەمی خۆی نەبێت، وە نابێت پیاوێك بچێتە ژوورەوە تەنها ئەو كاتەی ئافرەتەكە مەحرەمی خۆی لەگەڵ بێت، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من دەمەوێت لەگەل لەشكرێكی ئەوا و ئەوا بڕۆم، وە هاوسەرەكەشم دەیەوێت بچێت بۆ حەج، پێغەمبەریش پێی فەرموو: لەگەڵ هاوسەرەكەت بچۆ بۆ حەج.

**بەرێزان:** مەحرەمی ئافرەت بریتییە لە مێردی و هەموو ئەو پیاوانەی کە دەستنوێژیان لێی ناشکێت تا هەتایە هاوسەرگیریان لەگەڵی حەرامە، وەك: (باوك، برا، باپیر، کوڕ، مام، خاڵ، کوڕی کوڕ، کوڕی کچ، کوڕی برا، کوڕی خوشك)، وە ئەگەر بەبێ مەحرەم حەجی کرد حەجەکەی وەك واجب دروستە و لەسەری لادەکەوێت، بەڵام گوناهبارە.

وە بەڵگە لەسەر دروستی سەفەری ئافرەت لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتی خاوەن متمانە، ڕێگا دانی عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففان و عبدالرحمانی کوڕی عەوف بە خێزانەکانی پێغەمبەر کە حەج بکەن.

**بەرێزان:** ئەو مەرجانە بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی شاری مەککە دەژین، بەڵام خەڵکی مەککە پێویستیان بەو مەرجانە نییە، چونکە ماڵیان و کەس و کار و کەسابەتیان لە وێیە.

وە بە مەرج گرتنی توانا بۆ واجب بوونی حەج لەسەر موسوڵمان، بەڵگە لە قورئان و فەرموودە وەرگیراوە وەك: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ (آل عمران: ٩٧).

واتە: بۆ خودا لەسەر خەڵکان حەجی ماڵی خودا واجبە هەرکەسێ توانای هەبێت، وە هەرکەسێك کوفر بکات بەڕاستی خودا لە هەموو جیهانیان بێ نیازە.

لەتەفسیری ئەم ئایەتە پێغەمبەر ﷺ لە ڕونکردنەوەی توانا فەرمووی: "الزاد والراحلة"، رواه الحاكم وصححه، ووافقه الذهبي.

واتە: خۆراك و هۆی گواستنەوە.

## تواناى حەج كردن دوو جۆرە:

**١/ ڕاستەوخۆ:** ئەوەیە موسوڵمان مەرجەكانی واجب بوونی حەجی لێ بێتەدی و تەندروستی و جەستەی سەلامەت بێت، ئەوە واجبە لەسەری بە خۆی حەج ئەنجام بدات، نابێت كەسێكی تر حەجی لە جیاتی بكات.

**٢/ نا ڕاستەوخۆ:** موسوڵمان مەرجەكانی واجب بوونی حەجی لێ هاتبێتەدی بەڵام لەبەر پیری و پەككەوتەیی یان نەخۆشی بە كەڵكی سەفەرەكە نەییێت، ئەوە دروستە كەسێكی تر حەجی لە جیاتی بكات و ببێتە وەكیلی، هەروەك لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ هاتووە: "قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ فَرِيضَةَ اللهِ عَلَى عِبَادِهِ فِي الْحَجِّ، أَدْرَكَ أَبِي شَيْخًا كَبِيرًا لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَثْبُتَ عَلَى الرَّاحِلَةِ، أَفَأَحُجُّ عَنْهُ؟ قَالَ: نَعَمْ، وَذَلِكَ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ". أخرجه البخاري: (١٥١٣).

واتە: ئافرەتێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بەڕاستی فەرزی خودا لەسەر بەندەكانی لە حەجدایە، ئیستاش باوكم زۆر پیرە ناتوانێ لە سەر پشتی وڵاغ جێگیر بێت (بە كەڵكی سەفەر نایەت)، ئایا حەجی لە جیاتی بكەم؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەلێ. (ئەم ڕوداوە لە كاتی حەجیماڵئاوایی پێغەمبەرمان بوو).

**تێبینی:** حەج بۆ مردوو، ئەوەی مرد ئەگەر حەجی لەسەر بێت و نەیكردبێت، دەبێت لە میراتەكەی حەجی بۆ بكرێت (بەدەل حەج)، بەڵام ئەگەر هەژار بێت و حەجی لەسەر واجب نەبووبێت، ئەوە واجب نیە لە سەر میراتگرانی حەجی بۆ بكەن بە پارەی خۆیان، بەڵام ئەگەر حەجیان بۆ كرد خێرەكە دەگات بە مردووەكە، وەك لەم فەرموودە هاتووە: "فَعَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: بَيْنَا أَنَا جَالِسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ

وَسلَّمَ، إِذْ أَتَتْهُ امْرَأَةٌ، فَقَالَتْ: إِنِّي تَصدَّقْتُ عَلَى أُمِّي بِجَارِيَةٍ، وَإِنَّهَا مَاتَتْ، قَالَ: فقَالَ: وَجبَ أَجْرُكِ، ورَدَّهَا عَلَيْكِ الْمِيرَاثُ، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّهُ كَانَ عَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ، أَفَأَصُومُ عَنْهَا؟ قَالَ: صُومِي عَنْهَا، قَالَتْ: إِنَّهَا لَمْ تَحُجَّ قَطُّ، أَفَأَحُجُّ عَنْهَا؟ قَالَ: حُجِّي عَنْهَا". أخرجه مسلم: (١١٤٩).

واته: عەبدوڵڵای كوڕی بورەیدە لە باوكی دەگێڕێتەوە، دەڵێت: كاتێك لەلای پێغەمبەری خودا دانیشتبووم، لە ناكاو ئافرەتێك هاتە لای گوتی: من كەنیزەیەكم دابووە دایكم ئیستاش دایكم مردووە، پێغەمبەر فەرمووی: پاداشتی تۆ نوسراو لە ڕێگەی میرات بۆت دەگەڕێتەوە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بەڕاستی ئەو ڕۆژووی مانگێكی لە سەر بوو، ئایا لە جیاتی ئەو بە ڕۆژووبم؟ پێغەمبەر فەرمووی: لە جیاتی ئەو بە ڕۆژوو ببە، گوتی: ئەو هیچ حەجی نەكردووە، حەجی لە جیاتی بكەم؟ فەرمووی: حەجی لە جیاتی بكە.

ئیمامی نەوەوی لە (منهاج الطالبين) فەرموویەتی: (فمن مات في ذمته حج وجب الإحجاج عنه من تركته)، مغني المحتاج: ١/٤٦٨.

واتە: هەركەسێك مرد حەجی لەسەر واجب ببوو (چ حەجی فەرز یان حەجی نەزر)، واجبە لە میراتەكەی حەجی بۆ بكرێت.

جا میراتگران دەبێت وریابن لە جێبەجێكردنی قەرزەكانی خودا و قەرزەكانی خەڵك و وەسیەتی، پاشان ئەوەی ماوە میراتە.

# کارەکانی حەج

## کارەکانی حەج سیٚ بەشن:

### یەکەم/ ڕوکنەکانی حەج:

ڕوکن کارە سەرەکیانی حەجن، ئەگەر لە حەج ڕوکنت لە دەست دا، گوناهبار دەبیت و حەجەکەت بەتالٚ دەبتەوە، نابێت ئیحرام بشکێنی تا جیٚ بەجێی دەکەیت، وە ڕوکنەکانی حەج لە مەزهەبی شافعی پێنجن: ئیحرام و تەواف و هات و چۆی نێوان سەفاو مەڕوە و ڕاوەستان لە عەرەفە و سەرتاشین یان کورت کردنەوەی.

وە بە لای مەزهەبەکانی مالیکی وحەنبەلی چوارن، سەرتاشین بە لای ئەوان واجبە، ڕوکن نیە، وە حەنەفیەکانیش لەسەر ئەم ڕایەن.

### دووەم/ واجیباتی حەج:

لە کارە سەرەکیەکانی حەجە وە بە نەکردن و فەوتاندنی واجب گوناهبار دەبیت، بەلاٚم حەجەکەت بەتالٚ نابیتەوە وە دەبێت فدیە بدەیت لە بەرامبەر فەوتاندنی واجبەکە.

واجیباتی حەج لە مەزهەبی شافعی  پێنجن: ئیحرام لە میقاتی دیایکراو، هەر سیٚ بەرد هاویێشتنەکان (ڕەجم کردنی شەیتان)، مانەوەی شەوی جەژن لە مزدەلیفە، مانەوەی شەوانی بەرد هاویێشتنەکان لە مینا، وە تەوافی ماڵئاوایی.

**سێیەم/ سوننەتەکانی حەج:** جگە لە ڕوکنەکان و واجبەکان، کارەکانی تر هەمووی سوننەتن، لە نەکردن و فەوتانیان، نە گوناهبار دەبیت، وە هیچ فدیەت لەسەر نییە. وا سوننەتە ڕۆژی (٧)ی زولحەجە ئیمام یان جێگرەکەی دوای نوێژی نیوەڕۆ وتارێك بدات کارەکانی حەج و

مەراسیمی حەج بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە، ئاگاداریان بکاتەوە کە کارەکانی حەج لە رۆژی (٨)ی زولحەجە دەست پێ دەکات، کە پێی دەگوترێ: رۆژی (تەروییە)، هەروەك حاکم لە موستەدرەك گێراویتەوە، وە ئیمام زەهەبی بە سەحیحی داناوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر: "کان رسول الله صلى الله عليه وسلم اذا كان قبل التروية بيوم، خطب الناس، فاخبرهم بمناسكهم".

# باسی كارەكانی حەج بە درێژی

## ڕوكنەكانی حەج:

## ڕوكنی یەكەم/ ئیحراڕم:

واتە: نیەتهێنان بۆ سەفەری شاری مەككە بۆ ئەنجام دانی خوداپەرستی حەج، یان عومرە، وە سوننەتە نیەت بە زمانیش بڵێیت، حەج عیبادەتە بە بێ نیەت بەتاڵە، بەڵگەش فەرموودەی پێغەمبەرمانە ﷺ كە فەرموویەتی: "إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيّاتِ..."، أخرجه البخاري: (١).

واتە: دروستی و قەبوڵ بوونی كردەوە شەرعیەكان بە نیتەكانیانەوەیە.

وەك ئەوە بە دڵ و زمان بڵێ: خودایە نیەتمە حەج بۆ ڕەزامەندی تۆ بكەم.

وە سوننەتە دوای نیەتهێنانەكە دەست بە تەلبیە بكات و بڵێ: "لَبَّيْكَ اللهُمَّ لَبَّيكَ، لَبَّيك لا شريكَ لك لَبَّيك إنَّ الحمْدَ والنِّعمةَ لك والمُلْك، لا شريكَ لك".

وە سوننەتە پیاو دەنگی بەرزكاتەوە لە كاتی تەلبیە، بەڵام ئافرەت دەنگی بەرز ناكاتەوە، ئەمەش ڕای هەر چوار مەزهەبە بە فەرموودەی صەحیح لە پێغەمبەرمان هاتووە.

**تێبینی:** پێش نیەت هێنانەكە كە ئیحرامە، سوننەتە: سمێڵت كورتبكەیتەوە، سەر و قژت ڕێك بخەی، مووی بن باڵ و بەرت بكەی، غوسڵێك بكەی بە نیەتی ئیحراڕم و تەنها جەستەت بۆن خۆش بكەیت، جا جلی ئیحراڕم لەبەر بكە (دوو خاولیەكە)و دوو ڕكاعەت نوێژی سوننەتی ئیحراڕم بكە.

## ڕوكنی دووەم / ڕاوەستان لەعەرەفە:

وەكو پێغەمبەرمان فەرموویەتی: "الحج عرفة"، صحيح/ أخرجه الترمذي: (٨٩١)، عەرەفە بریتییە لەو چیایەی یان زورگەی دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری مەككە نزیكەی (٢٠) كلم دوورە، وە بۆیە ئەو ناوەشی لێنراوە چونكە ئادەم و حەوا دوای دەرچوونیان لە بەهەشت لە عەرەفات یەكتریان ناسیەوە.

## مەرجەکانی دروستی وەستان لە عەرەفات دوو شتە:

١/ لە سنوری دەست نیشانکراوی عەرەفە بێت، لە هەر بەشێك لە ڕووبەرەکەی، هەر وەك لە فەرموودەی پێغەمبەر هاتووە: "عرفة كلها موقف"، أخرجه مسلم: (١٢١٨).

٢/ لە کاتی دیاری کراو ئامادە بێت: (لە دوای بانگی نیوەڕۆ لە ڕۆژی عەرەفە (٩)ی زیلحەجە تا بانگی بەیانی ڕۆژی جەژن (١٠)ی زیلحەجە.

**ئاگاداری:** مزگەوتی ئیبڕاهیم و مزگەوتی عوڕەنە و بەشی پێشەوەی مزگەوتی نەمیرە بە عەرەفات دادانرێت لە دەرەوەی سنورن، ئەوەش بە کۆ دەنگی هەر چوار مەزهەب و بوونی فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر.

## سوننەتەکانی ڕۆژی عەرەفە لە عەرەفات:

١/ غوسڵکردن لە بانگی بەیانیەوە تا بانگی نیوەڕۆ، واچاکە دوای نیوەڕۆ لە نەمیرە غوسڵەکە بکات بە نیەتی غوسڵی ئامادەبوون لە عەرەفات.

٢/ دوای نیوەڕۆ (زوال) بچێتە خاکی عەرەفات.

٣/ ئامادە بوونەکەی لە عەرەفات، بەشێك لە ڕۆژو و شەو بگرێتەوە، واتە کە بە ڕۆژ لە عەرەفات ئامادە بوو دوای نوێژی مەغریب عەرەفات بە جێبهێڵێ بۆ دەرچوون لە (ڕاجیاوازی زانایان)، وە نوێژی مەغریب و عیشا بە (جمع التأخير) لە موزدەلیفە بکات.

٤/ زۆر دوعا کردن، زۆر قورئان خوێندن بە تایبەت سورەتەکانی (فاتیحە و ئیخڵاص و حەشر )، وە زۆر کردنی زیکری "لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير".

٥/ باشترین شوێن بۆ ڕاوەستان لە عەرەفات خوار (جبل الرحمة)یە، چونکە ناوەڕاستی عەرەفاتە وە پێغەمبەرمان لەوێ ڕاوەستاوە.

٦/ نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بە (جمع التقديم) بكات، وە سوننەتەكانی ڕەواتبی پێش نوێژ و پاش نوێژ نەكات، ئەمەش بە یەك دەنگی هەر چوار مەزهەبە.

٧/ وە ئیمام یان جێگرەكەی خوتبەی عەرەفە بۆ خەڵك بخوێنێتەوە.

٨/ حاجیان بە ڕۆژوو نەبن لەم ڕۆژە، چونكە پێغەمبەرمان لە سەفەری حەج لە عەرەفات بە ڕۆژوو نەبوو.

**ڕوكنی سێیەم/ تەوافی ئیفازە:** هەروەك لە قورئانی پیرۆز هاتووە:

﴿... وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ﴾ (الحج: ٢٩ )، واتە: با حاجیان تەواف بكەن لە ماڵی ئازادكراو.

لە دوای نیوە شەوی شەوی جەژنی قوربان كاتەكەی دەست پێدەكات، وە كاتی ئەنجامدانی كۆتایی نییە، بەڵام واباشە ڕۆژی جەژن دوای شەیتان ڕەجم كردن و سەرتاشین ئەنجامی بدات.

## مەرجەكانی دروستی تەواف:

**بۆ ئەوەی تەوافەكەت شەرعی و دروست بێت دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی تێدا بكەیت:**

١/ دەبێت حەوت جار بە دەوری كەعبە بسوڕێیتەوە.

٢/ دەبێت كەعبە لە دەستە چەپت بێت، واتە سورانەوەكەت بە پێچەوانەی میلی كاتژمێر بێت، لە دەرەوەی حیجری ئیسماعیل.

٣/ دەبێت دەستپێكی حەوت جارەكە لە بەردە ڕەشەكە دەست پێبكات، لە گەیشتنەوە بە بەردە ڕەشەكە كۆتایی دێت، ئەگەر لای دابوو ئەو كەرەتەی تەوافەكەی حیساب ناكرێت.

٤/ تەوافەكە دەبێت لە ناو سنوری مزگەوت بێت، دوری و نزیكی ئاساییە.

٥/ دەبێت نیەتی تەواف بێنی چونكە عیبادەتە.

٦/ دەبێت دەستنوێژت هەبێت، چونکە تەواف نوێژە خودا قسەکردنی تێدا ڕوخسەت داوە، وە ئەگەر لە کاتی تەواف دەست نوێژی شکا، دەبێت بچێت دەست نوێژ بگریتەوە، وە لە کوێ دەست نوێژی شکا لەوێ تەوافەکەی تەواو دەکات، نەك دووبارە کردنەوە.

٧/ داپۆشینی عەورەت، هەرکات عەورەتی بە دیار بکەوێت تەوافەکە بەتاڵ دەبتەوە، جا بەتایبەت خوشکان وریابن لە دەرکەوتنی قژی سەرتان.

## سونەتەکانی تەواف کردن

١/ تەوافکردن بە پێیان بڕوات، وە دروستیشە بەسواری عەرەبانە بکرێت.

٢/ دەستدان لە بەردە ڕەش لە سەرەتای تەواف و بڵێت: "بسم الله، الله أكبر"، وە ماچ کردنی بەردە ڕەش، بەڵام بێ ئازاردانی خەڵك.

٣/ دەست دان لە ڕوکنی یەمانی و دوعا کردن، ماچی ناکەیت، پاش دوعا دەستی خۆت ماچ دەکەیت.

٤/ (ڕەمەل) بریتییە لە ڕۆیشتنی خێرا لە سێ کەڕەتی سەرەتا پاشان چوار کەڕەتکەی تر ئاسایی بڕوات.

٥/ (ئیزتباع) بۆ پیاوان سوننەتە، بریتییە لە ڕوتکردنی شانی ڕاستی و داپۆشینی شانی چەپ (ناوەڕاستی خاولیەکەی بخاتە ژێر باڵی ڕاستەی و لاچکەکەی بخاتە سەر شانی چەپ).

٦/ ئەنجام دانی دوو ڕکاعەت نوێژ دوای تەواف، لەلای مەقامی ئیبراهیم، لە ڕکاعەتی یەکەم دوای فاتیحە سورەتی کافیرون بخوێنی، وە لە دووەم سورەتی ئیخلاص.

٧/ دوعا کردن لە لای (مولتەزەم) کە دەکەوێتە نێوان دەرگای کەعبە و حیجر، هەروەها لە لای (حەتیم) کە دەکەوێتە نێوان حیجر و مەقامی ئیبراهیم، وە لە کاتی دوعا دەستی بەرز بکاتەوە.

٨/ موالات: نێوانی حەوت کەڕەتەکە فاسیلەی درێژی نەکەویتێ.

### ❖ ئاگاداریەكی گرنگ:

١/ تەواف كاتەكەی كۆتایی نایەت هەركاتێك بۆی كرا دروستە.

٢/ ئەگەر لە كاتی تەوافكردن بانگی نوێژ درا بابچێت نوێژەكەی بكات، پاشان تەوافەكەی تەواو بكات، لە كوێ و كەڕەتی چەند ڕاوەستا بوو ئا لەوێ دەست پێبكاتەوە، تا بكرێت كەڕەتەكەی تەواو بكات نەك بە نیوەیی بە جێیبهێڵێ.

٣/ ئەگەر لە كاتی تەواف دەست نوێژی شكا، ئەوە یەكسەر بچێت دەست نوێژ بگریتەوە، تەوافەكەی تەواو بكات، بەڵام ئەو كەڕەتەی دەست نوێژ شكانی تێدا ڕوویدا حیساب ناكرێت، بۆ نموونە كەسێك لە كەڕەتی چوارەمی تەواف دەست نوێژی شكا، دەچێت دەست نوێژ دەگرێتەوە و لە سەرەتای كەڕەتی چوارەم دەست پێ دەكات.

**ڕوكنی چوارەم/ هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەروە:** هەروەك خودای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ...﴾ (البقرة: ١٥٨).

واتە: بەڕاستی هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەرەو لە حەجدا لە دروشمەكانی خودا پەرستی یە، سەفا و مەروە دوو چیای بچوكن.

### مەرجەكانی دروستی هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەروە:

١/ دەبێ حەوت جار بێت، لە سەفا دەست پێبكات لە مەروە كۆتایی پێ بێتێت.

٢/ دەبێت هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەروە، دوای تەوافێكی دروست بێت وەك: تەواڤی قودوم یان تەواڤی ئیفازە.

## سوننەتەکانی هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەروە:

١- هاتوو چۆیەکان لە دوای یەك بن فاسیلەیان نەکەوێتە نێوان.

٢- بە دەست نوێژەوە بێت.

٣- لە هەردوو چیا کەمێك سەرکەوێت و "الله أكبر والحمد لله" بكات.

٤- لە دوای تەواف زوو بچێت بۆ سەفا و مەروە.

٥- زۆر کردنی زیکر و دوعا.

٦- خێرا ڕۆیشتن لە نێوان دوو هێڵە سەوزەکە بۆ پیاوان، ئەوەی تر ڕۆیشتنی ئارام و ئاسایی.

٧- (الاضطباع) وەکو لە تەواف باسمان کرد.

**ڕوکنی پێنجەم/ سەرتاشین یان کورت کردنەوە:** لەفەرموودەی بە هێزی مەزهەبی شافعی ڕوکنە لە حەج و عومرەدا، بەڵام لە مەزهەبەکانی تر واجبە، وەك لە قورئانی پیرۆز هاتووە: ﴿...لَتَدۡخُلُنَّ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمۡ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَۖ...﴾ (الفتح: ٢٧).

واتە: بەڕاستی دەچنە ناو مزگەوتی حەڕام لە مەککە و حەج دەکەن گەر خوا حەزبکات بە سەلامەتی بەسەر تراشاوی و قژ کورتکردنەوە هیچ ترستان نابێت، لە کەس ناترسن.

عن عبدِ اللهِ بنِ عُمَرَ رَضيِ اللهُ عنهما: "أنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم حلَقَ رأسَه في حَجَّةِ الوداعِ"، أخرجه البخاري: (٤٤١٠).

واتە: پێغەمبەری خودا لە حەجی ماڵئاوایی سەری خۆی تراشی. سەرتراشین یان کورتکردنەوە، بەڵام بۆ پیاوان سەرتراشین خێرترە، چونکە پێغەمبەر سێ جار دوعای بۆ ئەوانە کرد سەریان تراشیبوو، یەك جار بۆ ئەوانەی کورتیان کردبۆوە، بەڵام بۆ ئافرەت تراشین حەرامە تەنها

کورتکردنەوەیە، وە بە بڕینی سێ داوە موو لە قژی سەر  واجبە کە دێتە دی، وە سەرتاشین دەبێت لە دوای جێبەجێکردنی ڕاوەستان لە عەرەفە و گەرانەوە بۆ موزدەلیفە دوای نیوەی شەو، زووتر دروست نییە.

## سوننەتەکانی سەرتاشین یان کورتکردنەوەی:

١- ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان دوای شەیتان ڕەجم کردن و سەربڕینی ئاژەڵ بێت.

٢- حاجی لە مینا سەری بتراشێ و عەمرەکار لە مەککە.

٣- ڕوو لە قیبلە دابنیشی، دەست نوێژی هەبێت.

٤- لە لای ڕاستی  سەر دەست پێبکات پاشان لای چەپ، پاشان پشتە سەر، پاشان تەپڵی سەر.

٥- دوعا کردن.

## ڕوکنی شەشەم/ تەرتیبی زۆربەی ڕوکنەکان:

١- ئیحرام.

٢- ڕاوەستان لە عەرەفات.

٣-  تەوافی ئیفازە.

٤- هاتوو چۆی نێوان سەفا و مەروە.

٤- سەرتاشین یان کورتکردنەوەی.

## ڕوکنەکانی عومرە

عومرە لە زمانی عەرەبی واتە: سەردان و زیارەت، وە لە شەریعەتی ئیسلام سەردانی ماڵی خودایە بە شێوازێکی تایبەت.

عومرە یەك جار فەرزە لەسەر موسوڵمان لە ژیانیدا ئەگەر مەرجەکان هاتنە جێ، وە بەڵگەش لەسەر واجبی عومرە ئەم ئایەتەی قورئانە: ﴿ وَأَتِمُّواْ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ... ﴾ (البقرة: ١٩٦)، واتە: حەج و عومرە بۆ خوا تەواو بکەن...

وە لەبارەی خێر و گەورەیی عومرە زۆر فەرمووده لە پێغەمبەرمان ﷺ هاتووە: "العمرة الى العمرة كفارة لما بينهما"، رواه البخاري: (١٧٧٣).

واتە: عومرە لە دوای عومرە کەفارەت و ڕەشکەرەوەی گوناهەکانی نێوانیانە.

عومرە کردن بە درێژایی ساڵ ئەنجام دەدرێت، لە هەموو مانگ و ڕۆژەکان، بەڵام لە ڕەمەزان لە هەموو کاتێکی تر خێرترە، وەك لە پێغەمبەرمان ﷺ هاتووە: "فان عُمْرَةً فِـي رَمَضَانَ تَقْضِي حَجَّةً أَوْ حَجَّةً مَعِي"، أخرجه البخاري: (١٨٦٣). واتە: بەڕاستی عومرەیەك لە ڕەمەزان وەك حەجێك وایە لە پاداشت، یان وەکو حەجێکە لەگەڵ پێغەمبەر ئەنجامدرا بێت.

## ڕوكنەكانی عومرە پێنجن:

**١/ ئیحرام:** نیەت هێنان: لە میقات (شوێنی دیاریكراو وەك حەج)، هەر كەسێ بە بێ ئیحرام لە سنوری میقاتی دیاریكراو تێپەڕێت ئەوە خوێنی دەكەوێتەر سەر (كە سەر بڕینی مەڕێكە) ئەگەر نەگەڕێتەوە، نیەت هێنانیش بە دڵە، بە زمانیش سوننەتە، وەك بڵێت: نیەتمە عومرە بكەم بۆ خۆم بۆ ڕەزامەندی خودا، یان نیەتمە عومرە بكە لە جیاتی فڵانە كەس، ئەگەر بۆ كەسانی تر عومرەی دەكرد.

**٢/ تەوافكردن:** سوڕانەوە لە دەوری كەعبە حەوت جار، واجبە بە دەست نوێژەوە، وەكو لە ڕوكنەكانی حەج باسمان كرد.

**٣/ هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەروە حەوت جار** سوننەتە بە دەست نوێژ بێت.

**٤/ سەرتاشین یان كورتكردنەوە:** كە كەمەكەی سێ دانە مووە، لە وتەی بەهێز و باوەڕپێكراوی مەزهەبی شافعی ڕوكنە.

**٥/ تەرتیب:** ئەم ڕوكنانە ئاوا لە دوای یەك بكات.

# واجبەکانی عومرە

١/ دەبێت ئیحرام: نیەت هێنان لە میقاتی دیاریکراو ئەنجام بدات، هەرکەسێ بە بێ ئیحرام لە سنوری میقاتی دیاریکراو تێپەڕێت ئەوە خوێنی دەکەوێتە سەر (کە سەر بڕینی مەڕێکە) ئەگەر نەگەڕێتەوە.

**ئاگاداری:** ئەگەر چوویت بۆ سەفەری عومرە، ئەگەر دەچوونە مەدینە، ئەوجا دەچوونە مەککە، ئەوا میقاتتان وەکو خەڵکی مەدینە، لە (زولحولەیفە) یە کە ناسراوە بە (آبار علي) پێغەمبەرمان ئیحرامی لەوێ بەستاوە.

بەڵام ئەگەر دەچوونە فڕۆکەخانەی شاری (جدّە) جەددە میقات نییە، دەبێت لە ناو فڕۆکە پێش ئەوەی بگەیە میقات ئیحرام جێ بەجێ بکەیت، وە دەتوانێ هەر لە فڕۆکەخانەوە ئیحرام ببەستی ئاساییە. هەروەها: بۆ ئەوەی لە ناو شاری مەککەیە جا خەڵکی مەککە بێت، یان خەڵکی تر، بۆ هێنانەوەی عومرە، دەبێت بچێت بۆ نزیکترین (حیل) کە ئەم سێ شوێنەن: (جیعرانە، حودەیبیە، تەنعیم) لە کامەیان ئیحرامی عومرە ببەستی دروستە، هەروەك پێغەمبەری خودا ئەمری بە عائیشە کردووە ئیحرام لە تەنعیم ببەستێ وە لە صەحیحی بوخاری هاتووە، وە لە هەمووان نزیکترە.

٢/ دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە حەڕامن لە کاتی ئیحرام وەکو لە حەج باسکراوە.

٣/ هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەڕوە، وە سوننەتە دەست نوێژی هەبێت.

٤/ سەرتاشین یان کورتکردنەوەی قژ، وە کەمترین کورت کردنەوە بە بڕینی سێ موو دەبێت، وە ئەوەش ڕوکنە لە فەرموودەی بە هێزی مەزهەبی شافعی.

٥/ تەرتیب وەکو باسمان کرد.

## باسی عومرە ئەنجام دان بەشێوەیەکی کورت و پوخت

**یەکەم:** ئەنجامدانی غوسڵی سوننەتی ئیحرام بەستن، ئەگەر بۆشی نەکرا دەتوانیٚ تەیەمموم بکات، پاشان ئەم کارانە ئەنجام بدات:

١/ واجبە پیاو هەرچی جلکی دوراو هەیە دایبکەنیٚ، تەنها ئەو دوو پەشتەماڵەی بۆ ئیحرام دانراوە لەبەربکات، وە پێلاویشی نابێت گۆزینەگەکانی داپۆشی، بۆیە نەعل لە پیٚ دەکەن، بەڵام ئافرەت هەر بە جل و بەرگی خۆی وە دەست و دەم وچاوی داناپۆشێت، ئینجا دوو ڕکاعەت نوێژی سوننەت بکات، لە ڕکاعەتی یەکەم دوای سورەتی فاتیحە سورەتی کافیرون بخوێنیٚ، لە ڕکاعەتی دووەم لە دوای سورەتی فاتیحە سورەتی ئیخڵاص بخوێنێت.

٢/ ئینجا نیەت هێنان و ئیحرام ڕوکنە لە میقاتی خۆی، پاشان سوننەتە بەردەوام دەبێت لە تەلبیە گوتنی "لبيك اللهم لبيك ..."، تا دەگاتە بەرامبەر کەعبە.

٣/ حەوت جار تەواف بە دەوری کەعبە بە دەست نوێژەوە کە لە بەردە ڕەشەکەوە دەست پیٚ دەکات، ئەوەش ڕوکنە، سوننەتیشە دەست لە ڕوکنی یەمانی بدات و دوعا بکات.

٤/ سوننەتە ئەنجام دانی دوو ڕکاعەت نوێژ لە پشت مەقامی ئیبراهیم، لە ڕکاعەتی یەکەم دوای سورەتی فاتیحە سورەتی کافیرون بخوێنیٚ، لە ڕکاعەتی دووەمیش لە دوای سورەتی فاتیحە سورەتی ئیخڵاص بخوێنێت.

٥/ هاتوو چۆ لە نێوان سەفا و مەروە ئەمەش ڕوکنە.

٦/ سەرتاشین یان كورت كردنەوەی جا لە مەڕوە بیكات یان لە هەر شوێنێكی تر، ئەمەش ڕوكنە، كە ئەم كارانەی ئەنجام دا عومرەكار، عومرەكەی تەواو بوو بەرگی ئاسایی خۆی لەبەر دەكات و ئیحرام دەشكێنی.

وەسوننەتە ئاوی زەمزەم بخواتەوە و دوعای زۆر بكات بۆ دونیا و قیامەت، وە واچاكە تێنووی بێت ئەوجا بیخواتەوە، هەروەك پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: "ماء زمزم لما شرب له" رواه احمد: (١٤٨٤٩).

واتە: ئاوی زەمزەم  بە هەر مەبەستێك بخۆیتەوە، بۆت دێتە جیٚ.

ئەوەوی رەحمەتی خودای لێبێت لە كیتابی (**الأذكار**) فەرموویەتی: (زانایان وپیاوچاكان بە نیەتی جیا جیا خواردیانەوە خودا چیان مەبەست بوو پێیانی بەخشی، وە شتی زۆر بە سوود باسكراوە لەم بارەوە).

## ئاگاداری:

١/ ئەگەر كەسێك ویستی عومرەی تر ئەنجام بدات بۆ خۆی یان كەسانی تر، واجبە بچێتە میقاتی خەڵكی مەككە بۆ ئیحرام بەستان، كە (تەنعیم و جیعرانە و حودەیبیە)ن بەڵام تەنعیم نزیكترین میقاتە.

٢/ سوننەتە دەنگ بەرزكردنەوە لە كاتی تەلبیە گوتنی: "**لبيك اللهم لبيك**...".

# واجبەکانی حەج

(وواجبات الحج غير الأركان ثلاثة أشياء: الإحرام من الميقات، ورمي الجمار الثلاث، والحلق).

**واتە: واجبەکانی حەج بێجگە لە ڕوکنەکان سێ شتن: بەستنی ئیحرام لە میقات (شوێنی دیاریکراو)، وە هەرسێ بەرد هاوێشتنەکان (ڕەجم کردنی هەرسێ شەیتانەکان)، وە سەرتاشین.**

**بەڵام لە مەزهەبی شافعی لە فەرموودەی بە هێز واجباتی حەج پێنجن:**

**١- ئیحرام لە میقاتی دیایکراو.**

**٢- مانەوەی شەوی جەژن لە موزدەلیفە.**

**٣- هەر سێ بەرد هاوێشتنەکان (ڕەجم کردنی شەیتان).**

**٤- مانەوەی شەوانی بەرد هاوێشتنەکان لە مینا.**

**٥- تەوافیماڵئاوایی.**

**ئاگاداری: وە سەرتاشین کە خاوەنی مەتن هێناویەتیەوە، پێشتر باسمان کرد کە لە ڕوکنەکانی حەجە لە فەرموودەی بە هێزی مەزهەب نەك واجب بێت.**

## ١/ ئیحرام لە میقاتی دیایکراو:

### ❖ جۆرەکانی میقات:

**أ/ میقاتی زەمانی: بریتییە لەو کاتەی کە ئیحرام بە حەج و عومرەی تێدا دروستە، کاتی حەج مانگەکانی حەجە (شەوال + زولقەعدە + دە ڕۆژی سەرەتای زولحەجە)، بەڵام عومرە بە درێژایەتی ساڵ دروستە تەنها لە دوو کات دروست نییە:**

*** تا کارەکانی حەج تەواو دەکات.**

*** ئەگەر ئیحرامی بە حەج بەستابوو ناکرێت نیەتی عومرەش بێنێت.**

**ب/ میقاتی شوێن:** مەبەست لە میقاتی شوێن، ئەوەیە ئەو کەسەی کە بە نیەتی حەج یان عومرە سەردانی شاری مەککە دەکات، چەند شوێنێك لە دەرەوەی شاری مەککە دیارکراوە نابێت لێیان تێپەر بێت بە بێ ئیحرام بەستن، چونکە گوناهبار دەبێت وە واجبە لە سەری بگەرێتەوە میقات یان فیدیەی بدات کە سەربڕینی مەڕێکە دەیداتە هەژاران.

## ❖ میقاتەکان پێنج شوێنن:

**١/ زولحولەیفە:** بە بیرەکانی عەلی مەشهورە (آبار علي) وە پێغەمبەرمان لەوێ ئیحرامی بەستاوە، لە دووری (١٣) کیلۆمەتر لە باشووری شاری مەدینەیە، (٤٢٨) کیلۆمەتر لە باکوری مەککەیە.

**٢/ یەلەملەم:** بۆ خەڵکی یەمەنە: **دۆلێکە لە سەر ڕێگای یەمەنە ( ١٢٠ ) کیلۆمەتر لە مەککە دوورە خەڵك ئێستا لە ناوچەی ( سەعدیە ) ئیحرام دەبەستن.**

**٣/ جوحفە: گوندێکە ( ١٠ ) کیلۆمەتر لە دەریای سوور دوورە، ئێستا وێرانەیە، خەڵك ئێستا لە ( رابغ ) ئیحرام دەبەستن کە ( ١٨٦ ) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە،** بۆ خەڵکی شام سوریا و ئوردون و لوبنان و فەلەستین و میسر و لیبیا و جەزائیر و مەغریبە.

**٤/ زات عیرق:** بۆ خەڵکی عێراقە، **پێی دەگوترێت ( زریبە ) ( ١٠٠ ) کیلۆمەتر لە مەککە دوورە وە ئێستا چۆلە.**

٥/ میقاتی خەڵکی مەککە بۆ حەج شوێنی نیشتەجێی خۆیانە، بەڵام بۆ عومرە دەبێت بچنە میقاتی عومرە کە ئەمانەن:(تەنعیم و جوعرانە و حودەیبیە)ن، بەڵام تەنعیم نزیکترین میقاتە.

٦/ میقاتی خەڵکی جەددە لە شوێنی خۆیان ئیحرام دەبەستن.

## ٢/ مانەوەی شەوی جەژن لە موزدەلیفە:

دوای ئەوەی حاجی لە عەرەفات لە دوای مەغریب دەگەڕێنەوە بۆ موزدەلیفە، واجبە تا دوای نیوەی شەو لە موزدەلیفە بمێننەوە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، وە سوننەتیشە تا نوێژی بەیانی دەکات لە وێ بمێنێتەوە، هەروەها سوننەتە هەر لە وێ حەوت بەرد لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆ بەرد هاوێشتنی (عەقەبە) ڕەجمی شەیتانی گەورە، وە ئەوەی شەو لە موزدەلیفە نەمێنیتەوە خوێنی (**فدیة**)ی دەکەوێتە سەر.

## ٣/ هەر سێ بەرد هاوێشتنەکان ( ڕەجم کردنی شەیتان ):

بەردهاوێشتن لە شوێنی دیاری کراو:

### ❖ یەکەمیان: بەرد هاویشتنی عەقەبە:

**کاتەکەی:** لە دوای نیوەی شەوی جەژنی قوربان دەست پێ دەکات وە لە گەڵ مەغریبی ڕۆژی چوارەمی جەژنی قوربان کۆتایی دێت.

### مەرجەکانی شەیتان ڕەجم کردنی عەقەبە:

أ- دەبێت حەوت بەرد بێت، یەك لە دوای یەك بیانهاوێژی، ئەگەر هەمووی بە جارێك هاوێشت هەر بەیەك بەرد بۆی حیسابە.

ب- دەبێت بەرد بێت بە ئاسن و پلاستیك و قوڕ و دار نابێت دروست نییە.

ت- هاوێشتنەکە دەبێت بە دەست بێت.

پ- دەبێت بە هاوێشتن بێت، ناکرێ لە شوێنەکە داینێی.

ج- دەبێت بکەوێتە ناو ئەو حەوزەی بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە.

ح- بە نیەتی واجبی حەج بەردەکان بهاوێ.

خ- لە پێش مەغریبی ڕۆژی چوارەمی جەژنی قوربان بێت.

**تێبینی:** هەر کەسێ بۆی نەدەکرا جا لەبەر پیری یان نەخۆشی، دەتوانێت کەسێکی تر بکاتە وەکیلی خۆی، بەڵام دەبێت سەرەتا وەکیلەکە

بەرد هاوێشتنی خۆی تەواو بکات، ئینجا بۆ خەڵکی تر بهاوێت، وە دروستە وەکیل بە کرێش بگریت.

## سوننەتەكانی شەیتان ڕەجم كردنی عەقەبە:

أ- بەردەكان بە ئەندازەی دەنكە پاقڵەیەك بێت.

ب- پێش سەرتاشین و تەواف و سەر بڕینی ئاژەڵ بەرد هاوێشتنەكە ئەنجام بدات.

ت- لەگەڵ هاوێشتنی هەر بەردێك گوتنی: (الله أكبر).

پ- هاوێشتن بە دەستی ڕاستە.

ج- كاتی هاوێشتنی بەردەكان لە دوای هەڵهاتنی خۆر بەقەدەر ڕمێك بەرز ببێتەوە وە پێش بانگی نیوەڕۆ.

ح- وە بۆ پیاوان دەست بەرز كردنەوە تا بن هەنگڵیان (بن باڵیان) دیار دەكەوێت.

خ- بەردەكان پاك بن.

## ❖ بەشی دووەم: ڕەجم كردنی هەر سێ شەیتانەكان:

**كاتەكەی:** لە دوای زەوال، واتە نوێژی دوای نیوەڕۆ دەست پێ دەكات، وە تا مەغریبی كۆتا ڕۆژی جەژنی قوربان  كە دەكاتە ڕۆژی (١٣)ی (ذی الحجة) دروستە.

**كاتی بەرد هاوێشتنەكە:** كاتی زۆرباشی (لەگەڵ زەوال كاتی نوێژی نیوەڕۆ)، وە كاتی باشی پێش خۆرئاوابوونە (مەغریب)، وەكاتی دروستی و جائزی تا مەغریبی كۆتا ڕۆژی جەژنی قوربان  كە دەكاتە ڕۆژی (١٣)ی (ذی الحجة) دروستە.

## مەرجەكانی ڕەجم كردنی سیٚ شەیتانەكە:

أ- دەبێت لە دوای ئەنجامدانی ڕەجمی شەیتانی گەورە بێت كە لە یەكەم ڕۆژی جەژن واجب دەبێت.

ب- دەبێت هەر شەیتانەك بە حەوت بەرد ڕەجم بكات، واتە پێویستی بە (٢١) بەرد دەبێت بۆ هەر ڕۆژێك.

ت- دەبێت ڕەجم كردنەكە لە شەیتانی بچووكەوە دەست پێبكات، پاشان ناوەڕاست، پاشان گەورە كە پێی دەلێن: (جمرة العقبة).

پ- هاوێشتنەكە دەبێت پاش زەوال نیوەڕۆ بێت، پێش نیوەڕۆ دروست نییە.

ج- دەبێت بە هاوێشتن بێت، ناكریٚ لە شوێنەكە داینێی.

ح- دەبێت بكەوێتە ناو ئەو حەوزەی بۆ ئەو مەبەستە دروستكراوە.

خ- بە نیەتی واجبی حەج بەردەكان بهاویٚ.

**تێبینی:** هەر كەسیٚ بۆی نەدەكرا جا لەبەر پیری یان نەخۆشی یان ئافرەتی سكپڕ، دەتوانێت كەسێكی تر بكاتە وەكیلی خۆی، بەڵام دەبێت سەرەتا وەكیلەكە بەرد هاوێشتنی خۆی تەواو بكات، ئینجا بۆ خەڵكی تر بهاوێت، وە دروستە وەكیل بە كرێش بگریت.

**پوختەكەی:** ڕۆژی (١١)ی (ذی الحجة) دێت بۆ ڕەجم كردنی هەرسیٚ شەیتان، هەریەك بە (٧) بەرد و لەگەڵ هەر بەردێك (**الله أكبر**) دەڵێیتەوە، لە بچوكەوە دەست پێدەكات پاشان ناوەڕاست پاشان گەورە، سوننەت وایە كە شەیتانی بچووكی ڕەجم كرد ماوەیەك دوعا و زیكر بكات، پاشان دەست بكات بە ڕەجم كردنی شەیتانی ناوەڕاست، دووبارە ماوەیەك دوعا و زیكر بكات، بەڵام كە شەیتانی گەورەی ڕەجم كرد ڕاناوەستیٚ و یەكسەر دەڕوات.

شەوی (١٢)ی (ذی الحجة) لە (مینا) دەمینێتەوە و بەیانیەکەی دوای زەوال دووبارە وەکو ڕۆژی (١١) کارەکانی دووبارە دەکاتەوە و هەرسێ شەیتانەکە ڕەجم دەکاتەوە.

پاشان ئەگەر بیەوێ ڕۆژی (١٣)ی (ذی الحجة)ش دەمێنێتەوە و ئەگەر نا دەتوانێ بڕواو (مینا) بە جێبهێلێ و بگەڕێتەوە بۆ (مەككە).

## مانەوەی شەوانی بەرد هاوێشتنەکان لە مینا:

واتە مانەوەی زۆربەی شەوەکە لە مینا (تا نیوەی شەو تێدەپەری)، شەوانی دووەم و سێیەمی جەژن، وە ڕوخسەت دراوە ڕۆژی سێیەم لە مینا نەمێنێتەوە (شەوی چوارەمی جەژن) بە مەرجێك پێش ڕۆژئاوابوون (بانگی مەغریب) لە مینا دەرچووبێتە دەرەوە، ئەگەر نا دەبێت دیسان شەو بمێنێتەوە و بەیانی شەیتانەکان ڕەجم بکات ئەوجا مینا بە جێبهێلێ بێتەوە مەککە.

کەواتە: ئەوەی پەلە بکات دوو شەو دەمێنێتەوە لە مینا، وە ئەوەی پەلەی نەکات سێ شەو دەمێنەوە لە مینا.

**ئاگاداری:** لە سەرپێچی کردن لە مانەوەی شەوان لە مینا فدیەی (مەڕێك بکاتە خێر) واجب دەبێت لەسەر ئەو کەسە.

## ٤/ تەوافی ماڵئاوایی:

واجبێکی سەربەخۆیە، داخیلی حەج نیە لە ڕاستیدا، دوای کۆتایی هاتنی ڕوکنەکان و واجباتەکانی حەجە، وە نیەتی گەڕانەوە و بەجێهێشتنی شاری مەککەی پیرۆز، وە ئەوەی تەواڤی ماڵئاوایی کرد دەبێت بڕوات، نابێت خۆی تاخیر بکات بەبێ عوزر، چونکە ئەگەرنا دەبێت تەوافەکەی دووبارە بکاتەوە.

### تێبینی:

أ/ خەڵکی مەککە و ئەو کەسانەی لە وێ جێنشینن تەواڤ ماڵئاواییان لەسەر نییە.

ب/ هەروەها ئەگەر لە کاتی گەڕانەوە ئافرەت لە حەیز یان نیفاس دابوو، تەواف ناکات و گوناهی ناگاتێ و فدیەی لە سەر نییە.

## جۆرەکانی ئیحرام بەستن:

١/ **الإفراد:** ئەوەی ئیحرام تەنها بە حەج ببەستی، حەج کردن بخەیتە پێش عومرە کردن، لە کاتی نیەت هێنان دەڵێت: "لبيك اللهم بحج"، هەڵدەستێت بە تەواوکردنی کارەکانی حەج، پاشان بۆ خۆی عومرەی دەکات، هیچ فدیەی لەسەر نییە، بەلای شافعی ئەم جۆرە لە دوو جۆرەکەی تر خێرترە.

٢/ **تمتع:** عومرە پێش حەج بکات، سەرەتا ئیحرام لە میقات بە عومرە دەبەستێت و کارەکانی عومرە تەواو دەکات و ئیحرام دەشکێنی تا کاتی حەج دێت، دیسان لە شوێنی خۆی ئیحرام دەبەستی بە حەج و کارەکانی حەج تەواو دەکات، بەڵام دەبێت فدیە بدات، مەڕێك بکاتە خێر.

٣/ **قیران:** ئەوەیە کە ئیحرامی بەستا نیەتی حەج و عەمرە بە یەکەوە دێنێت، دەلێت: "لبيك اللهم حجا وعمرة"، تەنها واجباتەکانی حەج جێبەجێ دەکات، هەردووکی بۆ حیسابە حەج و عومرە، بەڵام فدیەی دەکەوێتە سەر، دەبێت مەڕێك بکاتە خێر.

## سوننەتەکانی حەج (سنن الحج)

(وسنن الحج سبع: الإفراد وهو تقديم الحج على العمرة، والتلبية، وطواف القدوم، والمبيت بمزدلفة، وركعتا الطواف، والمبيت بمنى، وطواف الوداع).

واتە: سوننەتەکانی حەج حەفت شتە:

١/ **ئیفراد:** بەتەنها کردن، جیاکردنەوەی حەج لە عومرە ،سەرەتا حەج دەکەیت پاشان عومرە.

٢/ **تەلبیەکردن:** گوتنی: "لبيك اللهم لبيك ...."، سوننەتە پیاوان بە دەنگی بەرز تەلبیە بکەن، بەڵام ئافرەت دەنگی بەرز ناکاتەوە، مەکرووهە بۆی دەنگ بەرز کردنەوە.

**تێبینی:** سوننەتە لە دوای تەلبیە سەڵەوات دان لەسەر پێغەمبەر و دوعا کردن.

بۆ ئەو کەسەی ئیحرامی بە عومرە بەستاوە تەلبیە سوننەتە تا دەگاتە بەرامبەر کەعبە، وە ئەو کەسەی ئیحرامی بە حەج بەستاوە بەردەوام دەبێت لە تەلبیە تا شەیتانی گەورە لە ڕۆژی جەژن ڕەجم دەکات، لە کاتی ڕەجم (الله أكبر) دەکات نەك تەلبیە.

٣/ **تەواڤ چوونە ناو بەیت (القدوم):** کە سەرەتا دەگەیە ناو مزگەوتی حەرام، واچاکە پێش ڕاوەستان لە عەرەفە بێت، بەڵام ئەگەر نەیکردبوو تا دوای ڕاوەستان لە عەرەفە پێویست ناکات چونکە کاتی تەواڤ ڕوکن دێت، کە پێی دەگوترێ: تەواڤی ئیفازە.

هەروەها ئەو کەسەی لە عومرەدایە ئەگەر تەواڤی عومرەی کرد پێویست ناکات تەواڤی قدوم بکات.

٤/ **مانەوەی شەو لە موزدەلیفە:** مانەوە لە موزدەلیفە لە فەرموودەی بەهێزی (أصح) مەزهەبی شافعی واجبە.

/٥ **دوو ڕکاعەت نوێژی تەواف:** کە دوای تەواف ئەنجام دەدرێت، لەلای مەقامی ئیبڕاهیم، لە رکاعەتی یەکەم دوای فاتیحە سورەتی کافیرون بخوێنیٚ و لە ڕکاعەتی دووەم سورەتی ئیخلاص.

/٦ **مانەوەی شەو لە مینا بۆ ڕەجمی شەیتانەکان:** مانەوەی شەوان لە مینا لە فەرموودەی باوەڕپێکراوی (المعتمد) مەزهەبی شافعی واجبە.

/٧ **تەواف ماڵئاوایی:** کە پێش بەجێهێشتنی مەککە ئەنجام دەدرێت، لە فەرموودەی باوەڕپێکراوی (المعتمد) مەزهەبی شافعی واجبە.

## چۆنیەتی ئیحرام (كيفيه الإحرام)

(ويتجرد الرجل عند الإحرام من المخيط ويلبس إزاراً ورداءً أبيضين).

واجبە پیاو لە کاتی نیەتهێنان پۆشاکی ئیحرام ببەستیٚ، هەموو جلێکی دوراو دابکەنێت و دوو خاولی (پەشتەمال)ی سپی بپۆشێت، یەکیان لە ناوقەدی بۆ خوارەوە پێی دەگوتریٚ (ئیزار) دەرپیٚ، ئەوەی تریان لەسەر شانیەوە بۆ ناوقەدی، پێی دەگوتریٚ (ریدا) کراس، بەڵام ئافرەت هەر بە جلی ئاسایی تەنها دەست و دەم و چاوی داناپۆشی، وە سوننەتە جلی سپی بپۆشی.

**ئاگاداری:** ئەگەر پیاو جلی دوراوی پۆشی، یان کڵاوی لەسەر کرد، هەتا ئەگەر بەتانی بەکار هێنا فدیەی دەکەوێتە سەر، بەڵام بەکارهێنانی سەیوان و چاویلکە دروستە.

## ئەو شتانەی لە کاتی ئیحرام حەرامن ( محرّمات الحج-محظورات الإحرام )؛

(ويحرم على المحرم عشرة أشياء): **دە شت لەو کەسەی لە ژێر ئیحرامدایە حەرامە:**

**١/ لبس المخيط:** لەبەرکردنی جل و بەرگی دوراو بۆ پیاو.

**٢/ وتغطية الرأس من الرجل والوجه والكفين من المرأة:** داپۆشینی سەر بۆ پیاوان و دەست و دەم و چاو بۆ ئافرەت.

**٣/ وترجيل الشعر:** قژداهێنان و شانەکردنی.

**٤/ وحلقه:** سەرتاشین.

**٥/ وتقليم الأظفار:** نینۆك کردن.

**٦/ والطيب:** خۆ بۆن خۆشکردن.

**٧/ وقتل الصيد:** ڕاوکردن و کوشتنی نێچیر.

**٨/ وعقد النكاح:** ژن مارەکردن.

**٩/ والوطء:** جیماع کردن لەگەڵ ئافرەت.

**١٠/ والمباشرة بشهوة:** دەست دان لە ئافرەت بە ئارەزوو (دەستبازی و ماچ و خۆ پێوەنان).

(وفي جميع ذلك الفدية إلا عقد النكاح فإنه لا ينعقد، ولا يفسده إلا الوطء في الفرج، ولا يخرج منه بالفساد). **لە کردنی ئەم دە شتە لە هەمووان فدیە واجبە، تەنها لە ژن مارەکردن فدیەی ناوێ، چونکە مارەکردنەکە بەتاڵە.**

**وە ئیحرام تەنها بە جیماع کردن لەگەڵ ئافرەت بەتاڵ دەبێتەوە، (حەجەکەشی بەتاڵ دەبێتەوە) بەڵام بەردەوامیش دەبێت لە جێبەجێکردنی کارەکانی حەج تا کوتایی وازناهێنێت، دەبێت ساڵێکی تر حەجەکەی بکاتەوە.**

## تەرککراوەکانی حەج (المتروك في الحج):

(ومن فاته الوقوف بعرفة تحلل بعمل عمرة وعليه القضاء والهدي، ومن ترك ركناً لم يحل من إحرامه حتى يأتي به، ومن ترك واجباً لزمه الدم، ومن ترك سنة لم يلزمه بتركها شيء).

هەر کەسێك بەڕاوەستان لە عەرەفە ڕانەگەیشت و فەوتاندی، ئەوە دەبێت حەجەکەی بکاتە عومرە، ساڵی داهاتووش حەجەکەی قەزا بکاتەوە، وە (هەدیشی) لەسەرە کە سەر بڕینی ئاژەڵێکە.

وە ئەوەی ڕوکنێکی نەکردبوو نابێت ئیحرام بشکێنی تا جێبەجێی دەکات، وە ئەوەی واجبێکی نەکرد خوێنی دەکەوێتە سەر، وە ئەوەی سوننەتێکی تەرك کرد هیچی لەسەر نییە.

# بريێتى دان (الفدية)

(والدماء الواجبة في الإحرام خمسة أشياء).

واتە: ئەو خوێنانەى (فديانەى) واجب دەبێت لە كاتى ئيحرامدا پێنج جۆرن:

أحدها/ الدم الواجب بترك نسك: وهو على الترتيب شاة، فإن لم يجد فصيام عشرة أيام ثلاثة في الحج وسبعا إذا رجع إلى أهله.

يەكەميان: ئەو خوێنەيە كە واجب دەبێت لە تۆڵەى نەكردنى واجبێك لە واجبەكانى حەج، ئەوەش دەبێت بە تەرتيب بێت، سەرەتا دەبێت مەڕێك يان بزنێك سەرببڕێ (كە مەرجەكانى قوربانى تێدابێت)، ئەگەر نەيبوو دەبێت دە ڕۆژان بە ڕۆژوو بێت، سێ ڕۆژ لە كاتى حەجەكەى وە حەوت ڕۆژيش كە گەرايەوە شوێن و وڵاتى خۆى.

والثاني/: الدم الواجب بالحلق والترفه: وهو على التخيير شاة أو صوم ثلاثة أيام أو التصدق بثلاثة آصع على ستة مساكين.

دووەميان: ئەو خوێنەيە كە واجب دەبێت بە هۆى سەرتاشين و خۆشى كردن (لە بۆن بەكارهێنان و كورتكردنەوەى قژى سەرى) ئەوا خۆى سەرپشكە لە دانى كام لە فديەكان، يان مەڕێك بكاتە خێر، يان سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت، يان سێ ڕبە خواردن بدات بە شەش هەژار.

والثالث/ الدم الواجب بإحصار: فيتحلل ويهدي شاة.

سێيەم: ئەو خوێنەى واجب دەبێت، بە هۆى ڕێگريكردن لە چوونە شارى مەككە، ئەوا ئيحرامەكەى دەشكێنێ و مەڕێك سەر دەبڕێت.

والرابع/ الدم الواجب بقتل الصيد: وهو على التخيير، إن كان الصيد مما له مثل، أخرج المثل من النعم، أو قومه، واشترى بقيمته طعاما وتصدق به، أو صام عن كل مد يوما، وإن كان الصيد مما لا مثل له، أخرج بقيمته طعاما أو صام عن كل مد يوماً).

**چوارەم:** خوێنی واجب بوو بە هۆی کوشتنی نێچیر (ڕاوکردن): ئەوا لە تۆڵەی تاوانەکەی یەکێك لەمانە دەکات:

أ/ ئەگەر نێچیرەکە لەناو ئاژەڵی ماڵی نموونەی هەبوو، ئەوا نموونەکەی دەکرێت و دەیکاتە خێر.

ب/ یان بەقەدەر قیمەت و نرخی ئاژەڵەکە خواردن دەکرێت و دەیداتە هەژاران.

ج/ یان لە بەرامبەر هەر مشتێك خواردن ڕۆژێك بە ڕۆژوو بێت.

**والخامس/ الدم الواجب بالوطء:** وهو على الترتيب بدنة، فإن لم يجدها فبقرة، فإن لم يجدها فسبع من الغنم، فإن لم يجدها قوم البدنة واشترى بقيمتهاطعاما وتصدق به، فإن لم يجد صام عن كل مد يوما.

**پێنجەم:** خوێنی واجب بوو بە هۆی جیماع کردن، ئەوەش دەبێت بە تەرتیب بێت، سەرەتا حوشترێك بکاتە خێر، ئەگەر دەستی نەکەوت، مانگایەك بکاتە خێر، ئەگەر دەستی نەکەوت ئەوا حەوت سەر مەڕ بکاتە خێر، ئەگەر ئەوانیشی دەست نەکەوت بە نرخی حوشترێك خواردن دەکڕێت دابەشی سەر هەژارانی دەکات، ئەگەر دەستی نەکەوت لە بەرامبەر هەر مشتێك خواردن ڕۆژێك بە ڕۆژوو دەبێت.

ولا يجزئه الهدي ولا الإطعام إلا بالحرم ، ويجزئه أن يصوم حيث شاء. ولا يجوز قتل صيد الحرم ولا قطع شجره والمحل والمحرم في ذلك سواء.

واتە: سەربڕینی ئاژەڵەکانی فدیە و خواردنەکان و دابەشکردنیان دەبێت تەنها لە حەرەمی شاری مەککە بێت، بەڵام بە ڕۆژوو بوونەکان لە هەر کوێ بە ڕۆژوو بێت دروستە، بە هیچ چەشنێك دروست نیە ڕاوکردن و کوشتنی نێچیری حەرەمی مەککە، هەروەها بڕینی دار و درەختەکانی، وە ئەو کەسەی لە ئیحرامە ئەو کەسەی لە ئیحرامدا نیە وەك یەکن.

**ئاگاداری:** هەر کەسیٚ داریٚکی گەورە ببڕیٚت دەبیٚت یەك لەو سیٚیانە بکات: مانگایەك بکاتە خیٚر، یان بە ئەندازەی نرخەکەی خواردن بدات بە هەژاران، یان لە بەرامەبەر هەر مشتیٚك خواردن ڕۆژیٚك بە ڕۆژوو بیٚت.

بەڵام ئەگەر داریٚکی بچووکی بڕی یان شکاندی، ئەوا دەبیٚت مەڕیٚك بکاتە خیٚر، یان بە ئەندازەی نرخەکەی خواردن بدات بە هەژاران، یان لە بەرامبەر هەر مشتیٚك خواردن ڕۆژیٚك بە ڕۆژوو بیٚت.

## سەردانی شاری مەدینە و مزگەوتی پێغەمبەر

**بەڕێزان:** هەرچی هەیە لە كارەكانی حەج هەمووی لە شاری مەككەی پیرۆزە، ئەوەی سەردانی شاری مەدینەش نەكات حەجەكەی تەواو و قەبووڵە، بەڵام سەردانی مەدینە و مزگەوتی پێغەمبەرمان، كۆمەڵێك خێر و بەرەكەت و مانای ئیمان و خۆشەویستی دەبەخشێت، ئێمەش لێرەدا پوختەیەكی زۆر كورتی ئەم بابەتە باس دەكەین بە خاڵ بۆ ئاسانی و ئاشنا بوون:

١/ سوننەتە غوسڵ كردن بۆ چوونە ناو شاری مەدینە.

٢/ پاشان بچێتە مزگەوتی پێغەمبەر لەوێ نوێژ بكات ( تحیه المسجد )، چونكە نوێژ كردن فەرز و سوننەت پاداشتەكەی یەك نوێژ باشترە لە هەزار نوێژ لە شوێنەكانی تر جگە لە مزگەوتی حەرام لە مەككەی پیرۆز، وەكو لە فەرموودەی صەحیح هاتووە : "صَلاَةٌ فِـي مَسْجِدِي هَذَا خَيْـرٌ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِـيمَا سِوَاهُ، إِلاَّ الْمَسْجِدَ الحَرَامَ"، ( أخرجه البخاري: ١١٩٠، واللفظ له، ومسلم: ١٣٩٤ ).

وە نێوان ماڵەكەی پێغەمبەرمان و مینبەرەكەی مێرگەكە لە مێرگەكانی بەهەشت، لەوێدا نوێژ و دوعا و پاڕانەوە بكە چێژ و تامی بەهەشت وەربگرە، وەكو لەم فەرموودە هاتووە: "مَا بَـيْنَ بَـيْتِـي وَمِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الجَنَّةِ، وَمِنْبَرِي عَلَـى حَوْضِي"، ( أخرجه البخاري: ١١٩٦، ومسلم: ١٣٩١ ).

پاشان بچێتە خزمەت پێغەمبەری خودا و سڵاوی لێبكات و بڵێ: ( السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته )، وە زۆر بە ئەدەب و ڕێزەوە ڕابوەستێ، وەك ئەوە كە بە زیندوویی لە خزمەتی دابێت، سەڵەواتی زۆر بدات و دوعای چاك بۆ خۆی و كەس و كاری و موسوڵمانان بكات، جا كەمێك بۆ دەستە ڕاست سەلام لە ئیمامی ئەبوبكر بكات، جا كەمێكی تر بۆ دەستە ڕاست سەلام لە ئیمامی عومەر بكە، پاشان وەرەوە خزمەت پێغەمبەر تا دەكرێت سەڵەواتی لەسەر بدە.

**ئاگاداری:** دەست لێدانی گۆڕەکەی سەروەرمان و تەواف کردن لە دەوری و قەبر ماچ کردن یان زگ و پشت نان بە گۆڕەکەی هەمووی حەرامە.

٣/ سوننەتە سەردانی گۆڕستانی (بەقیع) بکەی، مانای بەقیع (زەویەکی نەرمی بە تاڵ لە بەرد)، کە گۆڕستانی خەڵكی مەدینەی بووە لە سەردەمی پێغەمبەرمان، وە پێغەمبەر خۆی ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە بۆ گۆڕستان.

وە یەکەم کەس لە وێ تەرمەکەی نێژرا لە ئەنساریان سەعدی کوری زورارە، وە لە موهاجیرەکان عوسمانی کوری مەزعۆن بوو ڕەزای خودایان لێبێت.

هەروەها کوڕەکان و کچەکانی پێغەمبەرمان و خێزانەکانی تەنها (خەدیجە و مەیمونە) نەبێت هەموویان لەوێ نێژراون، وە لەگەڵ هەزاران لە یارانی سەروەرمان ڕەزای خودا لە هەموویان بێت.

٤/ پێغەمبەرمان زۆر جار دوای نوێژی بەیانی و عەسر سەردانی بەقیعی کردووە و دوعای بۆ کردوونە: "اللهم اغفر لأهل بقيع الغرقد" (رواه مسلم).

سەردانی مزگەوتی قوبا وە نوێژ کردن لەوێ، هەروەك لە فەرموودەی عەبدوڵلای کوڕی عومەر هاتووە ڕەزای خودایان لێبێت بە سواری و بە پیادە دەچووە مزگەوتی قوبا دوو ڕکاعەت نوێژی لەوێ دەکرد: عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْـهُـمَا قَالَ: "كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَأْتِـي مَسْجِدَ قُبَاءٍ، رَاكِباً وَمَاشِياً، فَـيُصَلِّي فِـيهِ رَكْعَتَـيْنِ"، (أخرجه مسلم: ١٣٩٩).

هەروەها پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: هەر کەسێك لە ماڵەوە دەستنوێژ بگریت پاشان بێتە مزگەوتی قوبا نوێژێکی تێدا بکات ئەوا وەك پاداشتی عومرەیەکی هەیە.

"مَنْ تَطَهَّرَ فِـي بَـيْتِـهِ ثُمَّ أَتَـى مَسْجِدَ قُبَاءَ فَصَلَّـى فِـيهِ صَلَاةً كَانَ لَـهُ كَأَجْرِ عُمْرَةٍ"، (أخرجه النسائي: ٦٩٩، وأخرجه ابن ماجه: ١٣١٢، وهذا لفظه).

وە لە کاتی بە جێهێشتنی شاری مەدینە وا باشە دوو ڕکاعەت نوێژ لە مزگەوت بکەی و سەردانی پێغەمبەرمان و هەردوو ئیمام: ئەبو بکر و عومەر بکەی وەك ماڵئاوایی.

موسوڵمانی بەڕێز زۆر فەرموودەی لاواز و دانراو (موضوع) لەم بابەتانە هاتووە نەقڵم نەکردوون، چونکە پێویست ناکات، وە خۆشەویستی پێغەمبەر لە پابەند بوون بە سوننەتەکەیە و سەرخستن و زیندووکردنەوەیەتی.

## کارەکانی حەج بە ئاسانترین شێوە لە چەند خاڵێکدا

١/ برای بەڕێزم خوشکی سەنگینم: سەفەر بەرەو ماڵی خودا یەکێکە لە ڕوکنەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لەم سەفەرەدا ماڵ و سامان خەرج دەکەیت، ماڵ و منداڵ و دۆستان بە جێ دەهێڵی، بە مەبەستی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خودا، هەروەك پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرموویەتی "الحج المبرور ليس له جزاء الا الجنة"، أخرجه البخاري: (1773) .

واتە: حەجی مەبڕور هیچ پاداشتێکی نیە بێجگە لە بەهەشت.

هەروەها فەرموویەتی: "من حج فلم يرفث ولم يفسق رجع كيوم ولدته أمه"،

أخرجه البخاري: (١٥٢١).

واتە: هەر کەسێ حەجی کردو بێ شەرعی و گوناهی نەکرد، ئەوا لە گوناهەکانی پاك دەبێتەوە وەکو ئەو ڕۆژەی کە لە دایکی بووە.

٢/ بۆ ئەوەی ئەو پاداشتەی کە لە پێشەوە باسمان کرد کە پاك بوونەوەیە لە گوناهەکان لە کیس نەدەین و بەهەشت مسۆگەر بکەین پێویستە دوو مەرج بێنینە جێ:

أ/ نیەتێکی بێگەرد و ماڵێکی حەلاڵ.

ب/ حەجەکەت بە شێوەیەك بێت لە جێبەجێکردنی ئەرك و واجبەکانی کە قورئان و فەرموودە باسیان کردووە .

٣/ لێرەدا شێوازی شەرعی لە جێبەجێکردنی حەج بە خاڵ و تەرتیب باس دەکەین، جا بۆ ئەوەی مەرجی دووەمت تەواو بێت مەرجی یەکەم ئەرکی خۆتە.

**تێبینی: شێوازی باسەکەمان لە جۆری (تمتع) دەبێت چونکە ئاسانە و زۆربەی خەڵك پیادەی دەکات**

١/ کە گەیشتە میقاتی خۆی سوننەتە لەسەر پیاو و ئافرەت غوسل بکەن وەك غوسلی جەنابەت، وە پیاو سوننەتە خۆی بۆنخۆش بکات و بەرگی ئیحرام لەبەر خۆی بکات و نیەتی عومرە بهێنێ و بڵێ: "لبيك اللهم عمرة"، بۆ ئافرەتیش ئەگەر لە بێ نوێژی دابوو یان زەیسانی ئەوا غوسلەکە هەر سوننەتە، پاشان بڵێت: "لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشريك لك"، تا دەگاتە شاری مەککە سوننەتە لەسەر ئەم زیکرە بەردەوام بێت، وە ئەگەر سەفەرەکەت بە فڕۆکە بێت ئەوا هەر لە ناو فرۆکەخانە دەتوانی (إحرام) ببەستی و لە ناو فڕۆکەش نیەت بهێنی.

٢/ بۆ چوونە ناو مەککە سوننەتە غوسل بکەی و بە پێی ڕاست لە مزگەوت بچیتە ژوورەوە بڵێ: "بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله، اللهم اغفرلى ذنوبى وافتح لى ابواب رحمتك".

٣/ پاشان دەستدان لە بەردە ڕەش (الحجر الأسود) و ماچکردنی سوننەتە ئەگەر کرا، ئەگەر نا لە دوورەوە سەلام بکە بە دەست بەرزکردنەوە و بڵێ: "بسم الله، والله اكبر، اللهم إيمانا بك وتصديقاً بكتابك، ووفاء بعهدك، واتباعا لسنة نبيك".

٤/ پاشان (بەیت) دەخاتە دەستە چەپی و دەست بە (طواف) دەکات و (٧) جار لە بەردە ڕەشەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی پێدێت.

سوننەتە بۆ پیاوان لە کاتی (طواف) لە (٣) کەڕەتی سوڕانەوەی یەکەم خێرا بڕۆن و شەقاو بچوك بکەنەوە و شانی ڕاستیان ڕووت بکەنەوە لە (٤) کەڕەتی تر ئاسایی بڕۆن و هەر کاتێکیش گەیشتە بەردە ڕەش بڵێ: (الله

أكبر) و لە نێوان بەردە ڕەش و ڕوكنی یەمانی بڵێ: "بنا أتنا فی الدنیا حسنة وفی لآخرة حسنة وقنا عذاب النار".

٥/ دەبێت لە كاتی (طواف) دەست نوێژت هەبێت، بێجگە لەوەی كە گوتمان هیچ دوعایەكی تایبەت نیە بۆ ئاگاداری.

٦/ لە دوای (طواف) سوننەتە دوو ڕكاعەت نوێژی سوننەت بكەیت لە پشت مەقامی ئیبراهیم ئەگەر بە ئاسانی بۆت كرا، ئەگەر نا لە هەر شوێنێكی مزگەوت بیكەی خێرت دەست دەكەوێت.

٧/ پاشان دەچیت بۆ (صفا) كە نزیك بویتەوە ئەم ئایەتە بخوێنە ﴿ إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ... ﴾ (البقرة: ١٥٨).

٨/ پاشان لە (صفا ) بەسەركەوە و ڕوو بكە قیبلە و دەست بەرزكەوە و بڵێ: "الله أكبر ولله الحمد، لااله الا الله وحده، أنجز وعده، ونصر عبده، وهزم الآحزاب وحده".

٩/ پاشان لە (صفا) دێیتە خوارەوە و ڕوو لە (مروة) دەكەیت وە لە عەلەمی سەوز تا عەموودی دووەم ئەگەر توانیت (هرولة) كەمێك خێرا دەڕۆیت تا دەگاتە (مروة) لەوێش سەردەكەوێ و ڕوو دەكاتە قیبلە و دەست بەرزدەكاتەوە هەمان زیكری سەر (صفا) دەخوێنی، ئەمە (١) جار دەبێت (٧) جار ئەمە بكات.

١٠/ كە (صفا و مروة)ی تەواو كرد قژی سەری كورت دەكاتەوە و وا چاكە هەموو سەری كورت بكاتەوە و ئافرەتیش بە قەدەر سەرە پەنجەیەك هەموو قژی كورت بكاتەوە.

١١/ بەم چەشنە لە (عمرة) تەواو دەبێت و ئیحرام دەشكێنی تا ڕۆژی هەشتەمی (ذی الحجة) هیچ كارێكی حەج لە ئارادا نییە.

## کورتە و پوختەی ئەوەی گوتمان:

١/ لە (میقات) غوسل بکات و بۆنی خۆش بەکار بهێنی و بەرگی ئیحرام لەبەر بکات.

٢/ (تلبیه) بکات تا (طواف) دەکات.

٣/ (٧) حەوت جار بە دەست نوێژەوە (طواف) بکات، لە بەردە ڕەش دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی پێ بێنێت.

٤/ (٢) دوو ڕکاعەت نوێژ لە پشت مەقامی ئیبراهیم بکات.

٥/ (٧) حەوت جار لە نێوان (صفا و مروة) هاتوچۆ بکەیت.

٦/ قژی کورت بکاتەوە.

**تێبینی:** ئەم شێوازە حەج کردنە (فدیه)ی سەربڕینی یەك حیوان لەسەر (حاجی) واجب دەکات.

## کارەکانی حەج

کارەکانی حەج لە ڕۆژی هەشتەمی (ذی الحجة) وە دەست پێدەکات.

١/ ڕۆژی (٨)ی (ذی الحجة) لە شوێنی نیشتەجێ بونت لە ناو شاری (مەککە) غوسل بکە و خۆت بۆن خۆش بکە و ئیحرام ببەستە بە حەج بڵێ "لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة، لك والملك، لا شريك لك"، پاشان برۆ بۆ (مینا) و لەوێ نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا بکە، بەڵام (جمع) دروست نیە تەنها بە (قصر) و هەر یەك لە کاتی خۆی.

٢/ ڕۆژی (٩)ی (ذی الحجة) کە نوێژی بەیانیت کرد لە (مینا) لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرێ بکەوە بۆ خاکی (عرفات)، سوننەتە لە ڕێگا لادەیە مزگەوتی (نمرة) ئەگەر کرا، ئەگەر نا ڕامەوەستە تا دەگەیتە (عرفات)، کە

نیوەڕۆ داهات نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بە (قصر وجمع تقديم) بکە و خەریکی قورئان خوێندن و زیکر و صەڵاوات دان بە، زۆربەی زیکری پێغەمبەر (ﷺ) لەو ڕۆژە "لا الله وحده لاشريك له، له اللمك وله الحمد وهو على كل شئ قدير"، وە تا پێت دەکرێت دوعای چاك بکە، چونکە دوعای ئەم ڕۆژە وەکو دوعای هیچ ڕۆژێکی تر نیە و زۆر حەدیسی پێغەمبەری (ﷺ) لەسەر هاتووە، تا ڕۆژ ئاوا دەبێت و مەغریب دادێت.

٣/ کە مەغریب داهات بۆ (مزدلفة) بەرێ بکەوە و لەوێ نوێژی مەغریب و عیشا بە (قصر وجمح تأخير) بکە.

٤/ سوننەتە شەو لە (مزدلفه) بمێنیەوە تا نوێژی بەیانیش لەوێ بکەی، وە هەندێ بەردی بچوك کۆبکەیتەوە بۆ ڕەجمی شەیتان بەمەرجێ لە (٤٩) بەرد کەمتر نەبێت پاشان بێیەوە بۆ (مینا) بەڵام ڕوخسەت دراوە بۆ ئەوانەی بێ هێزن لە پیر و ئافرەت پێش نوێژی بەیانی و بە شەو لە (**مزدلفة**) وە بۆ (مینا) بەڕێ بکەون.

٥/ کە گەیشتە (مینا) وا چاکە یەکسەر بە حەوت بەردی بچوك وەك دەنکە پاقلە شەیتان ڕەجم بکات، واتە (جمرة العقبة)، لەگەڵ هەر بەردێك کە دەیهاوێ بڵێ: (الله أكبر) پاشان ئاژەڵی خۆی سەر ببڕێت ئەگەر لەسەری بوو یان لەگەڵی بوو، پاشان قژی سەری بتاشێ و یان کورتی بکاتەوە، بەمە لە ئیحرام ڕزگاری دەبێت و هەموو شتێکی بۆ حەلاڵ دەبێت تەنها ئافرەت نەبێت.

٦/ دوای ئەمە خۆی بۆن خۆش دەکات و جلکی ئاسایی خۆی لەبەر دەکات و دێتە (مەککە) و تەوافی (إفاضة) (٧) جار دەکات، پاشان (٧) جار لەنێوان (صفا ومروة) ڕادەکات وەك لە (**عمرة**) باسمان کرد.

**تێبینی:** ئەوەی حاجی لە ڕۆژی چەژن ئەنجامی دەدات (٤) شتی سەرەكین كە (شەیتان ڕەجم كردن، سەرتاشین، طواف الإفاضة، صفا ومروة).

ئەگەر بەم شێوەیەی باسمان كرد بیكات ئەوا باشە، ئەگەر نا پاش و پێش كردن دروستە و كامیان لە پێش كامیان بكات هیچ زیانی نیـە، وەك لە فەرموودەی بوخاری و موسلیم دا هاتووە كە لە ڕۆژی چەژن هەرچیان لێ پرسیوە فەرموویەتی "...افعل ولا حرج...".

پاشان ئەوەی لە كارەكانی حەج دەمێنێتەوە مانەوەی شەوانی (١١ و١٢ و١٣)ی (ذی الحجة) لە (مینا) و ڕەجم كردنی شەیتانەكانە، لەبەر ئەم ئایەتە: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوۡمَيۡنِ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ لِمَنِ ٱتَّقَىٰۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ﴾ (البقرة: ٢٠٣).

ئەگەر شەوی (١١ و١٢) مایەوە تەواوە، هەروەها دروستە ئەگەر زۆربەی شەوەكە لەوێ بێت نەك هەموو شەوەكە.

١/ ڕۆژی (١١)ی (ذی الحجة) دوای زەوال واتە نوێژی نیوەڕۆ دێت بۆ ڕەجم كردنی هەرسێ شەیتان، هەریەك بە (٧) بەرد و لەگەڵ هەر بەردێك (الله أكبر) دەڵێیتەوە، لە بچوكەوە دەست پێدەكات پاشان ناوەڕاست پاشان گەورە، سوننەت وایە كە شەیتانی بچووكی ڕەجم كرد ماوەیەك دوعا و زیكر بكات پاشان دەست بكات بە ڕەجم كردنی شەیتانی ناوەڕاست دووبارە ماوەیەك دوعا و زیكر بكات، بەڵام كە شەیتانی گەورەی ڕەجم كرد ڕاناوەستێ و یەكسەر دەڕوات.

٢/ شەوی (١٢)ی (ذی الحجة) لە (مینا) دەمینێتەوەو بەیانیەكەی دوای زەوال دووبارە وەكو ڕۆژی (١١) كارەكانی دووبارە دەكاتەوە و هەرسێ شەیتانەكە ڕەجم دەكاتەوە.

پاشان ئەگەر بیەوێ ڕۆژی (١٣)ی (ذی الحجة)ش دەمێنێتەوە و ئەگەر نا دەتوانێ بڕوا و (مینا) بە جێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ (مەککە).

**تێبینی:** ڕەجم کردنی شەیتانەکان دەبێت لە دوای نیوەڕۆوە بێت و پێش نیوەڕۆ دروست نیە، ئەگەر لە قەرەباڵغی ترسا و نەیتوانی بە ڕۆژ ڕەجمەکە بکات، ئەوا دەتوانێ بە شەو ئەنجامی بدات، هەروەها دروست نیە وەکیل بگرێت مەگەر نەخۆش بێت، یان ئافرەتی سکپڕ یان پیرێکی بێ هێز بێت، هەروەها ئەوەی ئەبێتە وەکیلیش ئەبێ پێشتر بۆ خۆی ڕەجمەکەی کردبێت، دوای ئەمە ئەگەر ویستت سەفەر بکەی و ماڵئاوایی بکەیت، سەرەتا چۆن هاتیە ناو (مەککە) و مزگەوتی حەڕام بەو شێوەیە بچوو (طواف الوداع) تەوافی ماڵئاوایی بکە ئەم تەوافەش وەکو تەوافەکانی تر وایە و هیچ جیاوازییێکیان نیە، تەنها ئەمەیان بۆ خودا حافیزیە.

٣/ کە (طواف الوداع)ت کرد نابێ لە (مەککە) بمێنیەوە و دەبێ سەفەر بکەیت.

## پوختەی کارەکانی حەج:

١/ ڕۆژی (٨)ی (ذی الحجة) لە شوێنی خۆت دوای غوسل کردن ئیحرام بە حەج دەبەستی و دەڵێی: "لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد، والنعمة، لك والملك، لا شريك لك".

٢/ وە بۆ (مینا) بەڕێ دەکەوی و نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا و بەیانی لە (مینا) دەکەیت، بەڵام تەنها (قصر) دروستە و (جمع) دروست نیە و دەبێ هەر نوێژێك لە کاتی خۆی دا بکەیت.

٤/ ڕۆژی عەرەفە (٩)ی (ذی الحجة) دوایی ڕۆژهەڵات لە (مینا) بڕۆ بۆ عەرەفات و نوێژی نیوەڕۆ و عەسر لەوێ بە (جمح التقديم) بکە و تا مەغریب خەریکی قورئان خوێندن و زیکر و دوعا بە.

٥/ دوای مەغریب بڕۆ بۆ (مزدلفة) و نوێژی مەغریب و عیشا بە (قصر وجمع التأخير) لەوێ بکە.

٦/ کە نوێژی بەیانیت کرد ڕۆژی چەژن وەرە بۆ (مینا) و بە (٧) بەردی بچووك شەیتان ڕەجم بکە و حەیوانی خۆت سەربڕە و قژت کورت بکەوە یان بتاشە و ئیحرام لەبەر بکەرەوەو بە جلی ئاسایی بڕۆ بۆ ( مەککە) و لەوێ تەوافی (إفاضة) بکە و (٧) جار لە دەوری کەعبە دەسوڕێیتەوە و پاشان (صفا ومروة) (٧) جار بکە، لێرە هەموو ڕوکنەکان تەواو دەبن.

## بۆ ڕۆژی چەژن پێنج ئەركت هەیە:

١- شەیتان ڕەجم كردن.

٢- سەربڕینی حەیوان.

٣- سەرتاشین.

٤- طواف الإفاضة.

٥- صفا ومروة.

* وە كامیان لە پێش كامیان بكەی دروستە و تەرتیب سوننەتە و واجب نیـە، ڕۆژی (١١)ی (ذی الحجة) دووەمی چەژن شەوەكەی لە (مینا) دەبی و كە نیوەڕۆ داهات بە (٢١) بەرد هەر (٣) شەیتان ڕەجم دەكەیت: (بچووك ـ ناوەڕاست ـ گەورە)

* ڕۆژی (١٢)ی (ذی الحجة) بەهەمان شێوە شەو لە (مینا) دەبیت و دوای نیوەڕۆ هەر (٣) شەیتان ڕەجم دەكەی: (بچووك ـ ناوەڕاست ـ گەورە)، پاشان دەگەڕێیتەوە بۆ (مەككە).

* ئەگەر نیازی خواحافیزیت هەبوو بگەڕێیتەوە وڵاتەكەت ئەوا بڕۆ (٧) جار (طواف الوداع) تەوافیماڵئاوایی بكە و وەك تەوافەكانی تر دوعا و پاڕانەوەی زۆر بكە پاشان سەفەرەكەت بكە، چونكە دروست نیـە پاش (طواف الوداع) لە (مەككە) خۆت دوا بخەی.

"وآخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين"

# ناوەڕۆك

پەرتوكی حـــــەج........................................ ٥
پێشەكی........................................................ ٦
خێر و پاداشتی حەج كردن.................................. ٨
خێر و پاداشتی عومرە كردن................................ ٩
مەرجەكانی واجب بوونی حەج.............................. ١١
ڕوكنەكانی حەج.............................................. ١١
ڕوكنەكانی عومرە............................................. ١١
واجبەكانی حەج............................................... ١٢
سوننەتەكانی حەج............................................ ١٢
مەرجەكانی واجب بوونی حەج.............................. ١٤
كارەكانی حەج................................................. ٢٠
باسی كارەكانی حەج بە درێژی............................. ٢٢
ڕوكنەكانی حەج............................................... ٢٢
ڕوكنەكانی عومرە............................................. ٢٩
واجبەكانی عومرە............................................. ٣١
باسی عومرە ئەنجام دان بە شێوەیەكی كورت و پوخت............... ٣٢
واجبەكانی حەج............................................... ٣٤
جۆرەكانی ئیحرام بەستن...................................... ٤٢
سوننەتەكانی حەج............................................ ٤٣
چۆنیەتی ئیحرام................................................ ٤٤

ئەو شتانەی لە کاتی ئیحڕام حەڕامن..............................٤٥
تەرککراوەکانی حەج.........................................٤٦
بریتی دان.....................................................٤٧
سەردانی شاری مەدینە و مزگەوتی پێغەمبەر.........................٤٧
کارەکانی حەج بە ئاسانترین شێوە لە چەند خاڵێکدا.................٥٠
کارەکانی حەج...............................................٥٦
پوختەی کارەکانی حەج.......................................٦٠
بۆ رۆژی چەژن پێنج ئەرکت هەیە.................................٦١
ناوەڕۆك....................................................٦٢